https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.8

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت ١٩١٧-١٩٣٨
# لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی سیاسی

م. ی. پەیمان عبدالله حمد
بەشی زانستی کۆمەڵایەتی- کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
payman.hamad@su.edu.krd

پ. ی. د. بختیار سعید محمود
بەشی زانستی کۆمەڵایەتی- کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
bakhtear.mahmood@su.edu.krd

پ. ی. د. کەیوان شافعی
بەشی مێژوو- واحدی سنە،
زانکۆی ئازادی ئیسلامی سنە، ئیران
Kaivan_shafei@yahoo.com

**پوختە:**

دەوڵەتی عوسمانی- ڕووسیای قەیسەری دوو دەوڵەتی هاوسنووری یەکتربوون، بە هۆکاری جۆراوجۆر پەیوەندیی نێوانیان لە پێش جەنگی یەکەمی جیهان پەیوەندییەکی باش نەبوو. هەرچەندە لەساڵانی نێوان ١٩١٧ – ١٩٢٣، بەتایبەت دوای دەرکەوتنی بزوتنەوەی کەمالی، پەیوەندییەکان لە ئاستێکی بەرزدا بوون و ڕووسەکان یارمەتیدەری گەورەی بزوتنەوەکەیاندا، تاکو تورکیا سەربەخۆیی وەرگرت لەساڵی ١٩٢٣. ساڵی ١٩٢٥ ڕێککەوتنێکی گرنگ لە نێوانیان هەردوو وڵات مۆرکرا، ئەم ڕێککەوتنەش دەنگدانەوەی جیهانی هەبوو، بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبوو کە تورکیا و سۆڤیەت دۆستایەتییان بێکێشە بێت و متمانەی تەواویان بەیەکتر بێت، بە تایبەت تورکیا هەموو کات هەوڵی ئەوەی دەدا پێگەی خۆی بەهێز بکات و بەرگێکی ڕۆژئاوایی بکاتە بەر کۆمارە نوێکەی و لە ساڵانی ١٩٣٠ بەدواوە ئیتر تاڕادەیەک دۆستایەتییەکەی نێوانیان ساردی تێکەوت، بە دەرکەوتنی هەڕەشەی نازی و فاشی لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیست، ئەوەبوو تورکەکان لە ڕۆژئاوا نزیک بوونەوە و پشتیان لە ڕووسیا کرد.

**وشە کلیلییکان**: عوسمانی، تورکیا، ڕووسیا، سۆڤیەت، بەریتانیا، پەیوەندی.

**پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت ١٩١٧–١٩٣٨**

**لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی سیاسی**

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت لەنێوان سالانی ١٩١٧–١٩٣٨ دەکۆڵێتەوە، پەیوندییەکانی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت لە ماوەی توێژینەوەکەماندا بە دوو قۆناغی زۆر جیاوازدا تێپەڕیون، قۆناغی پێش جەنگ و ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤– ١٩١٨) هەردوولا وەک دوو دەوڵەتی نەیار و ناکۆک بەریەککەوتنیان هەبووە، قۆناغی دووەم دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ و دوای دەرکەوتنی بزوتنەوە کەمالی، ئەو کاتەی هەردوو وڵات وەک دۆست دەردەکەون، دوای ئەوەی ڕووسەکان یارمەتی تەواوی کەمالییەکانیان دا تا سەرکەوتنی بزووتنەوەکە و دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣. پاشان وردەکاری زیاتر لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوولا دەخەینەڕوو تا مردنی مسەفا کەمال لە ساڵی ١٩٣٨.

گرنگیی بابەتەکە، دەگەڕێتەوە بۆ سەنگ و قورسایی سیاسی و ئابووری و سەربازیی هەردوو وڵات لەناوچەکە و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی ئەم قۆناغە مێژووییە، وێڕای ئەوەی کە ئێمە هەستمان بەوە کردووە کە کتێبخانەی کوردی لە نووسینی مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لاوازە و پێویستی بە دەوڵەمەندکردنی زیاتر هەیە. بۆیە هەوڵمانداوە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەو ماوەیەی دیاریمان کردووە بخەینەڕوو و تاوتوێی ورد و پوختی ئەو بابەتە بکەین.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە هەوڵدراوە لە ڕێگەی سەرچاوە مێژووییەکان و بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکانەوە زانیاری و

تێڕوانینی تەواومان دەستبکەوێت لەبارەی پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت لە نێوان سالآنی ١٩١٧-١٩٣٨. هەر لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەمان وێڕای گێڕانەوەی مێژوویی، هەڵمانداوە تاکو ڕادەیەک شێوازی شیکاریش پیادەبکەین بۆ دوورکەوتنەوە لە شێوازی کلاسیکی تۆمارکردنی بابەتە مێژووییەکان. بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەش هەندێک بەڵگەی بڵاونەکراوە و بڵاوکراوە بەکارهێنراون بە زمانی تورکی و ڕووسی. هەروەها ژمارەیەک سەرچاوەی گرنگ و مێژووییمان شیکردوونەتەوە و سوودمان لێبینیون. لە گرنگترینیان (Siyasi Tarih ،Uçarol )، سەرچاوەیەکی زانستیی تۆکمەیە بە زمانی تورکی نووسراوە، نووسەر بە شێوەیەکی دۆکۆمێنتاری ڕووداوەکانی داڕشتووە و شیکردنەوەی بۆ کردوون. لەپاڵ ئەویشدا کتێبی (جورج لنشوفسکی، الشرق الاوسط في الشؤن العالمية)، چەندان کتێب و وتاری زانستی دیکە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ پەیوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی - ڕووسیا لەنێوان سالآنی ١٩١٧ – ١٩٢٣، لەو ماوەیە پەیوەندییەکانیان بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە، قۆناغی جەنگ و قۆناغی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ و دەرکەوتنی بزووتنەوەی نیشتیمانیی تورکی بەسەرکردایەتیی مستەفا کەمال پاشا تا ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت کراوە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ تاوەکو مردنی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٣٨، لەم قۆناغەشدا بە وردی شەنوکەی پەیوندییەکانی نێوانیان کراوە.

### ١.  پەیوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی- ڕووسیا لە ١٩١٧ - ١٩٢٣

تورکیا وەک دەوڵەتێکی تازە دامەزراو و میراتگری دەوڵەتی عوسمانی، یەکێتیی سۆڤێتیش وەک قەوارەیەکی سیاسیی نوێخواز، خاوەن ئایدیای جیهانی جیاواز لە مەیدانی سیاسی، لە چۆنیەتیی پیادەکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی دروستبوون. دوورکەوتنەوەی تورکیا لە بنەماکانی ئیسلام و ڕووکردنە سیستەمی نائاینی و دەستبەرداربوونی یەکێتیی سۆڤێت لە ڕژێمی کۆنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی سیستەمی پاشایەتی ڕەهای ڕووسیا، گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دروستکرد. بە شێوەیەک پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لەسەر ئەو بنەمایەی پێشوتر نەمانەوە، کە بۆ دەوڵەتی عوسمانی ئامانج تێیدا باڵادەستی بیرو هەژموونی ئیسلامینیزم بەسەر جیهانی ڕۆژئاوا بوو. لە بەرانبەریشدا ڕووسیای پابەند بە ڕژێمی کۆنی پاشایەتی ڕەها، دوای شۆڕشی بەلشەفی کۆتایی بەو تەمەنەی هات، کە لەپێناو چەسپاندنی هەژموونی قەیسەری ڕووسیا و مەزهەبی ئەرسەدۆکسی بەسەر جیهاندا. بە شێوەیەک دەوڵەتە نوێخوازەکەی یەکێتی سۆڤێت بیری سۆسالیستی کردە بنەما بۆ بونیادنانی ڕژێمێکی نوێی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەناوخۆ و هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، بە ئامانجی چەسپاندنی لەنێو سیستەم و ڕژێمی جیهانی و گشتگیرکردنی ئەم ئایدیا نوێیە لە دونیای پڕ لە کێشمەکێشمی سیاسی و ئابووریی ئەو سەردەمەدا (النعیمي، ٢٠١١، ٢٥؛ منیعی، ١٣٤٤ هەتاوی، ١٢)، ئەمانە و چەندین فاکتەری دیکە، ڕەنگدانەوەیان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە هەبووە. لە ناوەڕۆکی بەشەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، بەگوێرەی قۆناغە مێژووییەکان شیکردنەوەی زیاتری بۆ دەکەین.

پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان هەمیشە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان بونیادنراوە، بۆیە بە شێوەیەکی بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندابووە. ئەم تێڕوانینە بۆ گشت پەیوەندییەکان ڕاستە، بۆیە کاتێک سەیری پەیوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیا دەکەین بۆمان دەردەکەوێت تا چەندە بەرژەوەندییەکان و ڕادەی هێز و لاوازیی ئەم دەوڵەتانە، ڕۆڵیان هەبووە لە پەیوەندییەکانی هەردوولا. هۆکاری جوگرافی بە ڕادەی خۆی کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر ڕوودانی ژمارەیەک بەریەککەوتنی سەربازی و گرژبوونی پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە. لە سەردەمی هاوچەرخدا بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان، ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لەبەردەم هاتوچۆی بازرگانی هەموو وڵاتان کراوەیە و مافی بەکارهێنانیان بە گشتی بۆ هەموان فەراهەمکراوە، بەڵام بەر لەو سەردەمە، بەدیاریکراویش لە سەدەی نۆزدەهەم دەوڵەتی عوسمانی خۆی بە تاکە خاوەنی ڕێڕەوە ئاوییەکان دەزانی ڕێگەی بە ڕووسیا نەدەدا هاوبەشی بکات لە بەکارهێنانی، بە تایبەتی لە دەریای ڕەش. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ڕووسەکان لە سەردەمی بوترسی گەورە(١٦٧٢- ١٧٢٥)، توانیان بەو ناوچانە بگەن و لێرەوە دژایەتیی تورک و ڕووس دەستیپێکرد، پاشان درێژەی کێشا. تاکو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨، بێگومان ڕووسەکان ناهەق نەبوون چونکە گرنگیی دەریای ڕەشیان بۆ دەرکەوتبوو، جگە لەوەی ئەم دەریایە لە بەرهەمی ماسی دەوڵمەن بووە و ڕێگای بازرگانی بوو ڕێگایەکیش بوو بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان(١) لە ڕێگای گەرووەکانی تورکیا. و عوسمانییەکان خۆیان بە خاوەنی دەریای ڕەش دادەنا، ئەم دەریایەش تێکەڵی دەرياي ناوەڕاست دەبوو لە ڕێگەی گەرووەکانی بۆسفۆر و مەڕمەڕە (زیدان، ٢٠١٣: ٣١-٣٢).

پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان، هەریەک لە دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیای قەیسەری لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا بوون.

بە دەرفەتوەرگرتن لە خراپیی بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی چوار دەوڵەتی بەلقان (بولگاریا، سربیا، قەرەداغ (جبل الاسود)، یۆنان)، لە سەرەتای ١٩١٢، ڕێککەوتنێکی سەربازی و سیاسییان بۆ دابەشکردنی زەوییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە بەلقان لە نێوان خۆیاندا مۆرکرد، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ئەگەر کێشە و ناکۆکی کەوتە نێوانیان بگەڕێنەوە بۆ ڕووسیا تاوەکو چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و هاوکارییان بکات. لەوکاتەدا شەڕ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئیتالیادا بەرپابوو، ئەمەش زیاتر ڕێگەی بۆ ئەم چوار وڵاتەی بەلقان خۆشکرد چالاکییە سەربازییەکانیان لەدژی دەوڵەتی عوسمانی چڕتر بکەنەوە. ڕووسیا پێشوتر بەردەوام هێرشی بۆ خاکی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر گەرووەکان، بەڵام لە ڕواڵەت خۆی وەکو دۆست نیشان دەدا، بە دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاندبوو کە ڕێگە بە وڵاتانی بەلقان نادات ئاگری شەڕ لە بەلقان هەڵبگیرسێنن، کەچی لەژێرەوە خەریکی نامەگۆڕینەوەبوو لەگەڵ وڵاتانی بەلقان جگە لە ڕۆمانیا نەبێت، لە دژی دەوڵەتی عوسمانی. دەوڵەتی عوسمانیش لەم کارانەی ڕووسیا بێ ئاگابوو. هاوکات وڵاتانی ئەوروپاش بە تایبەت بەریتانیا و فەڕەنسا هاوکاریی وڵاتانی بەلقان بوون (أوزتونا، ١٩٩٠، مجلد،٢، ٢١١، ٢١٢). هەرچەندە ڕووسیا هاوکاری وڵاتانی شەڕکەری بەلقان بوو بەڵام بەرژەوەندییەکانی خۆی بەلاوە گرنگتر بوو، کاتێک بولگاریا بەرەو پێشەوە دەچوو بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی خەریکبوو دەست بەسەر گەرووەکاندا بگرێت. ڕووسیا کەوتە دڵەڕاوکێ و نیگەران بوو، دژی هاوپەیمانانی بەلقان وەستایەوە، چونکە ڕووسیا ئامادەنەبوو گەرووەکان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هیچ دەوڵەتێکی دیکە (زیدان، ٢٠١٣: ٤٦).

ئەم دۆخە دەوڵەتی عوسمانی ناچارکرد بچێتە نێو شەڕێکی دژوار، بەبێ هەبوونی بەرنامە و پلانی شەڕ. لە بەرانبەردا چوار وڵاتەکەی بەلقان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئامادەسازیی تەواویان بۆ شەڕەکە کردبوو. دوای

ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕەکانی بەلقانی یەکەم(٢) بەشکست دەرچوو، لە ٣٠ مایسی ١٩١٣ پەیمانی لەندەنی مۆرکرد. ئەم پەیمانە لە بەرژەوەندیی وڵاتانی بەلقاندا بوو. بە شێوەیەک هەریەکێکیان دەستکەوتی باشیان لەسەر حیسابی عوسمانی دەستکەوت ( Uçarol, 2013: 550). پەیماننامەی لەندەن بە پەیماننامەیەکی قورس لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا هەژماردەکرێت. کەچی بە ماوەیەکی کەم لەپاش مۆرکردنی پەیماننامەی لەندەن وڵاتانی شەڕکەری بەلقان لەنێو خۆیاندا لەسەر فراوانخوازی دەسەڵات ناکۆکی کەوتە نێوانیان. ئەمەش فاکتەرێکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی بەلقان. کاتێک شەڕ دەستپێکردەوە ڕووسیا ڕایگەیاند کە ئەمجارەیان بێدەنگ نابێت و دەستی بە جموجۆڵ کرد لەگەڵ قەفقاسییەکان. بەڵام ئەم جموجۆڵە زۆری نەخایاند و بەردەوامی نەبوو بەهۆی هەڕەشەی ئەڵمانیا ڕووسیا لە بڕیارەکەی پاشەکشەی کرد. چونکە ئەڵمانیا ئەوکات هەوڵی فراوانخوازی لە ناوچەکە دەدا. هاوسەنگیی هێز و ئامادەسازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و پەیوەندییە ئاڵۆزەکەی نێوان وڵاتانی بەلقان، پاڵپشتبوون بۆ سەرکەوتنی عوسمانییەکان. بەم جۆرە دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩ی تەمموزی ١٩١٣ بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ناوچە لەدەستچووەکانی هێرشی کرد و توانی ئەدیرنە و تەراقیای ڕۆژهەڵات لەژێر دەسەڵاتی بولگاریا دەربهێنێت. لەپێناو یەکلاییکردنەوەی کێشەکان بە نێوەندگیری بەریتانیا و فەڕەنسا، ١٠ی ئابی ١٩١٣ ڕێککەوتنی بوخاریست (بوک ڕەشیشی (Bükreş پێدەگوترێت). ئیمزاکرا کە جارێکی دیکە سنوورەکان کێشرانەوە. بەڵام ئەنجامی ئەم هەموو ڕووداوانە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانیدا نەبوو. بەجۆرێک دەوڵەتی عوسمانی بەزیانێکی زۆرەوە لەم ململانێیە دەرچوو. دوای ئەوەی ڕووبەرێکی فراوانی بەلقانی لەدەستدا (Eiycil, 2005: 228-229; Yalçın.vd, 2008, C:I, 63).

ڕووسیا، بارودۆخە سیاسییەکەی لە دەوڵەتی عوسمانی باشتر نەبوو، بە تایبەت دوای ئەوەی نیقولای دووەم (١٨٩٥- ١٩١٧) هاتەسەر دەسەڵات. نیقولای پاش مردنی ئەلیکساندەری سێیەمی باوکی لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا بووە قەیسەری ڕووسیا. ناوبراو سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو نەبوو (دان، بێ ساڵی چاپ، ٤٣). دەستپێکی فەرمانڕەوایەتیی ئەو بە چەندین گرفتی ناوخۆیی و دەرەکی دەستیپێکرد. ئابووریی ئەم وڵاتە بە شێوەیەک داتەپیبوو ژیانی تاکی لەو پەڕی خراپیدا بوو. وێڕای ئەوەی ڕووسیا لەم قۆناغە مێژووییەدا ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دەرەکی ببووە، کە هەریەکیان کاریگەرییان لەسەر لاوازبوونی تواناکانی هەبوو، سەرەڕای ئەو ململانێیە سەربازی و سیاسییەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەیبوو، لە ساڵی ١٩٠٤ لەگەڵ یابانیش کەوتە شەڕێکی توندەوە بە شکستی هێزەکانی ڕووسیا کۆتاییهات (القوزی،٢٠٠٢، ١٠٧- ١٠٨؛ عبدالله، ٢٠١٥، ٨٦، ٩٠).

شەڕی ڕووسی-یابانی تاکە فاکتەری لاوازبوونی تواناکانی ڕووسیا نەبوو، بەڵکو بارودۆخی ئابووری و سیاسیش لە ناوخۆی ئەم وڵاتەدا کاریگەرییان لەسەر تواناکانی هەبوو لە میانەی ململانێکانیدا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی. سەرەتای ساڵی ١٩٠٥ یەکەمین شەپۆڵەکانی مانگرتنی کرێکاری ڕووسیا لە پیترۆسبۆرگی پایتەخت دەستیپێکرد، کە دواتر بوو بە شۆرشێکی گەورە. سەرەتا ڕێبەری مانگرتنەکان قەشەیەکی گەنج بوو بەناوی گاپۆن. ڕێکخراوێکی بە ناوی (یەکێتی کرێکارانی کارگەکانی ڕووسیا) دامەزراندبوو، لە ڕۆژی ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٠٥ گاپۆن لەگەڵ خەڵکە ناڕازییەکە بە خۆپیشاندانێکی هێمنانە و کۆمەڵێک داواکاری بەرەو کۆشکی قەیسەر بەڕێکەوتن، خۆپیشاندەران هیچ بەریەککەوتنێکیان لەگەڵ هێزە سەربازییەکان نەبوو، کەچی کە نزیکبوونەوە لەلایەن هێزە تایبەتەکانی قەیسەر هێرشیان کرایەسەر و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژران. دەسەڵاتدارانی ڕووسی نەیانتوانی کۆتایی بە تورەیی کرێکاران

بهێنن، بۆیە لەوەبەدوا چەندان مانگرتنی کرێکاران و خۆپێشاندان وڵاتی گرتەوە (مورهید، ٢٠١٨، ٩٤-٩٧).

حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیا لە ١٨٩٨ دامەزرابوو، لەنێو کۆنگرەی دووەم کە لە ساڵی١٩٠٣ بەنهێنی لە لەندەن بەسترابوو، حزبەکە تووشی لێکترازانێکی گەورە بۆوە، بەهۆی بیروڕا جیاوازەکانی نێوان ئەندامەکانی کۆنگرە. لە ئەنجامدا بەشداربووان لەنێو خۆیان بەسەر دوو گروپ دابەشبوون. گروپێکیان کە زۆرینەبوون لینین ڕێبەرایەتی دەکردن و لەژێر ناوی بەلشەفییەکان(٣) خۆیان ڕاگەیاند، ئەمانە پێیان وابوو گەیشتن بە سۆسیالیزم لە ڕێگەی شۆڕش و خەباتی چەکدارییەوە دەبێت. بەشەکەی دیکەیان بە ناوی مەنشەفیک واتە کەمینە بەڕێبەرایەتی مارتۆڤ وەک پێکهاتەیەکی سیاسی نوێ خۆیان ڕاگەیاند، ئەم کۆمەڵە پێیان وابوو، گەیشتن بە سۆسیالیزم پێویستە بە ڕێگای ئاشتی و قۆناغ بە قۆناغ بێت. ئەم جیاوازییە لە تێڕوانینی هەردوولا بوونە ئایدۆلۆژیایەک بۆ بونیادنانی ڕووسیایەکی نوێ، سەرەنجام بە شێوەیەکی گشتی لێکترازانی کۆمەڵگای ڕووسی لێکەوتەوە (سعید، ١٩٥٨، ٤٠-٤١). لە ئەنجامی ئەو ئاڵۆزییەی وڵاتی تێکەوتبوو مەنشەفیکەکان بەڕابەرایەتی ترۆتسکی(٤)، خۆیان گەیاندە نێو وڵات. ئەنجوومەنێکیان لە پترسبۆرگ پێکهێنا، کە لە گشت ئەنجوومەنەکانی دیکەی ناوچەکە پێکهاتبوو سەرکەوتووتر بوو. ترۆتسکی لەم بارودۆخەدا توانای سەرکردایەتیی خۆی سەلماند بەپێداگری لەسەر بەردەوامیی خۆپێشاندان و مانگرتنەکان(دان، بێ ساڵی چاپ، ٤٦-٥٦). دواتر ئەم ئەنجوومەنە لەلایەن کرێکاران لە شێوەی حکومەت سەیردەکرا، بەلشەفیکەکانیش لە مۆسکۆ ئەنجوومەنیان هەبوو. لەم شۆڕشەدا جوتیارانیش بەهەمان شێوەی کرێکاران داوای هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتیی زەویان دەکرد. چونکە خەڵکی ڕووسیا بە گشتی و جوتیاران بە تایبەتی لە دۆخێکی دژواردا دەژیان. ڕاپەڕینی جوتیاران زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە، بەڵام ئەو ڕاپەڕینانە زیاتر

هەرەمەکی و نارێکخراو بوون، پەیوەندیشیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاران لاوازبوو (عبدالله، ٢٠١٩: ٦٧- ٨٨).

بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان شۆڕشگێڕان و سیاسەتی چاکسازی قەیسەر لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٠٥ تروتسکی و ئەندامانی ئەنجوومەنەکەی دەستگیرکران. دواتر دوورخرانەوە بۆ دەرەوەی وڵات. لینین کە لەو کاتەدا گەڕابۆوە ڕووسیا دوای ئەوەی ماوەیەک بە نهێنی لە مۆسکۆ مایەوە، ناچاربوو بگەڕێتەوە دەرەوەی وڵات. ڕووداوەکانی شۆڕشی ١٩٠٥، کاریگەرییان دروستنەکرد لەسەر گۆڕانکاری لە حکومەتی ڕووسیا، بەڵام لەدوای ئەوەوە بەهۆی چاکسازییەکانی قەیسەر، تاڕادەیەک وڵات ئارامی بەخۆیەوە بینی (مورهید، ٢٠١٨، ١٠٦- ١٠٩).

لە سەروبەندی ئەم بارودۆخە ناهەموارانەی کە ڕووسیای قەیسەری و دەوڵەتی عوسمانی تێدابوون، کوشتنی دۆق فرانسوا فردیناد جێنشینی نەمسا و مەجەر و خێزانەکەی لە سەرایڤۆ بووە بیانوو بەدەست زلهێزەکان و هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان. نەمسا، سربیای تۆمەتبار کرد کە ئەوان پێشوتر پلانیان بۆ کوشتنەکەی داڕشتووە، بە توندی داوای وەڵامی کرد و چەند مەرجێکی لەسەر دانا کە پێویستە جێبەجێیبکات. هەرچەندە حکومەتی سربی ئەو تۆمەتەی ڕەتدەکردەوە، بەڵام بێهودە بوو. نەمسا لە ٢٨ی حوزەیران ١٩١٤ بڕیاری شەڕی دژی سربیا دا، لەو لاشەوە ڕووسیا وەکو بەرگریکارێک لە سربیا و هاوپەیمانی بەریتانیا و فەڕەنسا هاتە دەنگ. لە بەرانبەریشدا ئەڵمانیا بە هاوپەیمانی نەمسا و دواتریش دەوڵەتی عوسمانی بەرەیەکی دژ بە ئەوانی دروستکرد (برون، ٢٠٠٦، ٥٥١؛ البديري، ٢٠١٥، ٢١٦). شەڕ هەڵگیرسا وڵاتان بەسەر دوو بەرەی شەڕ دابەشبوون. ڕووسیا لە سەرەتای شەڕ هەوڵی ئەوەی دەدا پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دۆستانە بێت، بێگومان ئەم بڕیارەی ڕووسیا لەوەوە

سەرچاوەی گرتبوو ئەگەر بێتو دەوڵەتی عوسمانی بچێتە بەرەی وڵاتانی تەوەر، چ مەترسییەک دەکەوێتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەگەر گەرووەکانی بەڕوودا داخرا. ڕووسیا لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو تەنانەت وەزیری دەرەوەی ڕووسیا پێشنیازی کرد لەگەڵ بەریتانیا و فەڕەنسا ڕاگەیاندنێک بڵاوبکەنەوە تێدا بێلایەنیی دەوڵەتی عوسمانی لەخۆبگرێت، بەڵام پێشنیازەکەی وەرنەگیرا (الطائی، ٢٠١٧، العدد، ٢، ٢٨٨).

ڕووسیا، بێ بەرنامە و هەرەمەکی بڕیاری چوونە جەنگی دا. هیچ شارەزایی دەربارەی شەڕی مۆدێرین نەبوو. سیستەمە سەربازییەکەی کۆن بوو، ٢٥%ی سەربازانی ڕووسی بەبێ چەک بوون. سوپای ڕووسی لە هێرشێکی سەرەتادا لە دژی نەمسا لە ویلایەتی گالیسیای سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەمەش کاریگەری دروستکرد تاوەکو ئەڵمانیا هێزەکانی لە ڕۆژئاواوە بگوازێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات، هاتنی ئەم هێزە شکستی کارەساتباری بەسەر ڕووسەکاندا هێنا، هاوپەیمانەکانی ڕووسیا هەر زوو لە سوپای ڕووسیا بێهیوابوون (دان، بێ ساڵی چاپ، ٦١-٦٢). لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕ گیانی شۆڕشگێڕی لەهەموو وڵاتانی جیهان گەشەی دەکرد، خەڵکی ڕووسیا، لە بارێکی زۆر دژواردا دەژیان حکومەتی قەیسەر نەیدەتوانی چارەسەر بۆ ئەو دۆخە بدۆزێتەوە، هەر بۆیەش بازنەی خۆپێشاندانەکان پەرەیان سەند (ئەفیمۆف وئەوانی دیکە، ٢٠١٣، ب٢، ١٤٩). ئەو مانگرتن و خۆپێشاندانانەی لە ڕووسیا سەریانهەڵدا ڕێکخراو نەبوون، بەڵکو زنجیرەیەک نارەزای یەک لەدوای یەک بوون، بەرەبەرە فراوان و بەهێزبوو خۆی لە خانەوادە و چینی ناوەڕاست و ئەفسەر و سەربازەکاندا بینییەوە. دواتریش سۆسیالیست و ئازادیخوازەکان. مانگرتنی کرێکاران دەستیپێکرد، کوژرانی بەلێشاوی سەربازانی ڕووس لە بەرەکانی شەڕ گیانی شۆڕشگێڕی زیاتر کرد، تا گەیشتە ڕادەی تەقینەوە (ه.ا.ل.فیشەر، ٢٠١٥، ٤٩٤). لە ٢٢ی شوباتی ١٩١٧، ژمارەیەکی زۆری کرێکاران مانگرتنیان ڕاگەیاند، دروشمی دژ بە

حکومەتیان بەرزکردبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا داوایان دەکرد وڵاتەکەیان لە جەنگ بچێتە دەرەوە (عبدالله، ٢٠١٩: ١٢٨).

قەیسەر داوای دەکرد ناڕازییەکان بەزەبری هێز سەرکوت بکرێن. بێگومان ئەم فەرمانەی هیچ بەهایەکی نەبوو. پەرلەمان و دەستەڵاتداران لەسەر ئەوە کۆکبوون کە دەبێت نیقولا واز لە حکومرانی بهێنێت. بۆیە لە ١٥ی ئازاری ١٩١٧ کاتێک دەستلەکارکێشانەوەکەی درایە دەست بەبێ ناڕەزایی دەربڕین پێشنیازەکەی قبووڵ کرد. بەهۆی تەمەن بچووکی و نەخۆشیی کوڕەکەی تاجەکەی دایە میخائیلی برای، بەقبووڵنەکردنی میخائیل بۆ تاجی قەیسەر حکومرانیی بنەماڵەی ڕۆمانۆف لە ڕووسیا بەیەکجارەکی کۆتاییهات. حکومەتێکی کاتی دامەزرا (دان، بێ ساڵی چاپ، ٧٧، ٧٩). لینین، لە کاتی ئەم ڕووداوانە لە دەرەوەی وڵات بوو، کەچی بەهۆی گوتارەکانیەوە کاریگەریی زۆری لەسەر خەڵک دروستکردبوو بە هاندانیان دژی جەنگ، بەلشەفییەکان لەم شۆڕشەدا کەمینە بوون و کاریگەرییان زۆر نەبوو کەچی بە دروشم و هاندانەکانی لینین شەقامەکان وروژان، خۆپیشاندان دەستپێکرد، لەلایەن حکومەتی کاتی توندوتیژییان بەرانبەر بەکارهات (جارودی، ١٩٩٨، ٢٢)، لەگەڵ ئەوەی ڕووسەکان دژی جەنگ بوون کەچی حکومەتی کاتی کە لەپاش وازهێنانی نیقولا بڕیاری پاشەکشەی لە جەنگ نەدا، بەڵکو لە ١٨ی نیسان بڕیاری دابوو درێژە بە شەڕ بدات بە هاوشانی هاوپەیمانان. کەچی لینین لە کاتی گەڕانەوەی لە دەرەوە، کاری لەسەر دەرچوونی ڕووسیا دەکرد لە جەنگ. حکومەتی کاتی بەسەرکردایەتی لفوف لە مانگی ئایار دەستبەکاربوو، لە مانگی حوزەیران ئامادەکاری کرد بۆ کردنەوەی بەرەیەکی جەنگ دژی ئەڵمانیا و نەمسا لە غالیسیا. ئەم بڕیارەی حکومەتی کاتی ناڕەزایی خەڵکی لێکەوتەوە، لە نێوانیشیاندا بەلشەفیکەکان هەبوون دروشمی دژ بە جەنگیان بەرزدەکردەوە. کەچی جکومەت هەوڵیدا بە زەبری هێز ناڕازییەکان سەرکوت بکات لە ئاکامدا چەند سەرکردەیەکی

بەلشەفیکەکانی دەستگیرکرد، لەم کاتەدا لینین توانی خۆی دەرباز بکات و بچێتە فینلەندا. بەڵام بەهۆی لاوازیی حکومەت لە یەکلانەکردنەوەی کێشە سیاسی و و ئابوورییەکان، ٧ی تەمموز لفوف دەستیلەکارکێشایەوە لە شوێنی ئەو ئەلیکسەندر کیرینسکی حکومەتێکی هاوبەشی لە لیبرالی و سۆشیالیستەکان دروستکرد، هەرچەندە کیرینسکی هەوڵیدا بارودۆخەکە چارەسەربکات، بەڵام لە توانا و دەسەڵاتی ئەو بەدەربوو، بەلشەفیکەکان بەردەوام بوون لە هاندانی خەڵک. لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩١٧ حکومەتی کاتی بە زەبری شەڕ دەستیلەکارکێشایەوە. لە ٢٦ی هەمان مانگ لینین سەبارەت بە بەرقەرارکردنی ئاشتی چەند بڕیارێکی دەرکرد(حسین و نعمة، ١٩٨٢، ٢٣٩- ٢٤١) لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٧ بە ڕابەرایەتیی لینین یەکەم دەوڵەتی سۆشیالیستی ڕاگەیەندرا (زیدان، ٢٠١٣، ٨٧).

لە سەرەتای لەدایکبوونی ئەو حکومەتە سۆشیالیستییە، بانگەوازێکی ئاشتیخوازانەی ئاراستەی وڵاتانی شەڕکەر کرد، کە ئەو کوشتارە ڕاگرن. بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو(الاعلام السوفيتي، دون سنة الطبع، ٣). ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی حکومەتی ڕووسیا و هاوپەیمانان دروستکرد. کاتێک هاوپەیمانان وەڵامی داواکەیان نەدایەوە لە ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩١٧ ناچاربوو تاک لایەنە لەگەڵ ئەڵمانیا ڕێککەوێت، ئاشتینامەی (بریست لیۆتۆفسک) لە ٣ی ئازاری ١٩١٨ لە نێوانیان واژووکرا. ڕووسیا لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش بەسەرجەم مەرجەکانی ئەڵمانیا ڕازیبوو (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٤٨). لەلایەکی دیکەوە ڕووسەکان بۆ تەواو ڕزگاربوون لە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیش لەسەر مێزەکانی دانوساندن کۆبوونەوە، گرنگترین بەرەکانی شەڕ بەرەی قەفقاس بوو، لە ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩١٧دا بە ئاگربەستی ئارزنجان بەکۆتاهات (Duran, 1970, S:37, 16). بەگوێرەی ئەم ئاگربەستە:

١- له ڕۆژی ١٨ی مانگەوە هەموو دوژمنکاری و هێرشەکان بۆ سەر یەکتری دەوەستن.
٢- له نێوانی هەردوولا ناوچەیەکی بێلایەن دیاری دەکەن و سنووری تێدا دەکێشن.
٣- سەربازەکان لەو شوێنانەی کە هەن دەوەستن، بەڵام نابێت بەهێزبکرێن یاخود زیادبکرێن.
٤- له کاتی دەرچوون یان لادان له ڕێککەوتنەکە، لەلایەن نوێنەری هەردوولا چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە (Uçarol، 2013، 628 ).

سەبارەت بە کاروباری دەرەوە لینین، هەموو ئەو ڕێککەوتنە نهێنییانەی کە لە نێوان هاوپەیمانان بەسترابوو بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکان ئاشکرای کرد. لەگەڵ ئەوەی حکومەتی ڕووسیای سۆشیالیستی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ئاگربەستی مۆرکرد، کەچی هاوشێوەی ڕووسیای قەیسەری هەوڵی پاراستنی ئەرمەنییەکانی دەدا. له ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ دوای داگیرکردنی لەلایەن ڕووسیای قەیسەری تیمی ئەرمەنییەکان لەو ناوچانە دروستببوون کە دواتر ببوونە مایەی دروستکردنی کێشە بۆ ئاگربەستەکە(Uçarol، 2013، 628). ئەرمەنەکان لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی عوسمانی له قەفقاس له دێهاتەکان کە دانیشتوانەکەی موسڵمان بوون هێرشیان دەکردنە سەر. ئەوانیش پەنایان بۆ دەوڵەتی عوسمانی هێنا تا بیانپارێزێت (BDA، 2006، III،177). بەڵام ئەم کێشانە کاریگەری نەکردە سەر پەیوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیا. له دوای ئاگربەستی ئارزنجان قۆناغێکی تازە دەستیپێکرد. بۆ سەلماندنی نیەتپاکی غالیب کەمال بەگ، وەک باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی له ساڵی ١٩١٨ ڕەوانەی مۆسکۆ کرا (Bekar،Küçük، 2019، C:74، 168).

لینین، واپێشبینی دەکرد بە دەرچوونی لە جەنگ و مۆرکردنی ئاگربەست دەبێتە هۆکاری بەردەستبوونی کاتی پێویست بۆ ئەوەی چارەسەری دۆخی وڵات بکات، بەڵام پێشبینییەکەی تەواو دەرنەچوو. لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە ڕووبەڕووی کێشەی دیکە بوویەوە، ئەویش یەکگرتنی پارتە لیبرالییەکان بوو. ئەفسەر و جەنەراڵە سەربازییەکان، تەنانەت پارتە سۆشیالیستەکان و هەندێک لایەنی دیکە لەپێناو دژایەتیکردن و ڕووخانی حکومەتی نوێی کۆکبوون. وڵاتانی هاوپەیمانانیش لەوانە ئەمریکا، بەریتانیا، فەڕەنسا و یابان هاوکاریی ئەو بەرەیان دەکرد، بە تایبەت دوای دامەزراندنی سوپای سپی کە کۆکراوەی لایەنە دژەکانی لینین بوون. هەوڵی دەستخستنەناو کاروباری ڕووسیایان دەدا. بەم شێوەیە ڕووسیا تا ساڵی ١٩٢٠ لە جەنگێکی ڕانەگەیەندراودا بوو لەگەڵ هاوپەیمانان. هۆکاری دژایەتیی هاوپەیمانان بۆ حکومەتی نوێ دەگەڕایەوە بۆ پاشەکشەی ڕووسیا لە جەنگ، کە ئەمەش مەترسی لەسەر بەرەی ڕۆژئاوا دروست کردبوو و ئەڵمانییەکان سوودیان لێوەرگرت. دوای شکستی ئەڵمانیاش لە جەنگ، هاوپەیمانان پاشەکشەیان نەکرد لە دەستخستنەناو کاروباری ڕووسیا، چونکە ترسیان لەو سیستەمە نوێیەی حکومڕانیی ڕووسی هەبوو (حسين و نعمة، ١٩٨٢، ٢٤٣، ٢٤٤).

ساڵانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بۆ ڕووسیا ئاسان نەبوون بەڵکو لە گشت لایەک فشاری لەسەر بوو، شەڕی نێوان سوپای سوور کە دوای شۆڕش لەلایەن لینین دامەزرابوو و سوپای سپی کە پێکهاتەی گشت لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بوو، هەروەها هاندانی نەتەوەکانی دیکە لە بەرانبەر حکومەتی نوێ. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی نوێی ڕووسیا توانیان بەرگەبگرن و سەرکەوتن بەدەستبهێنن. کە وڵاتانی سەرمایەداری لەو بڕوایەدا نەبوون ئەوەندە خۆڕاگربێت، پێیان وابوو سوپای سوور شارەزای سەربازی نییە، خاوەن چەکی قورس نییە و لەلایەنی ئابووری کەموکورتی لە کەلوپەل و پێداویستیی خۆراک هەیە،

بیریان لەوە نەکردبووەوە کە سوپای سوور بە بڕوا و متمانەی تەواو شەڕ دەکات بەرگری لە سیستەمی سۆشیالیستی دەکات (سعید، ١٩٥٨، ٧٤). بەڵام نابێت ڕۆڵی ترۆتسکی لەیاد بکەین لە سەرکردایەتیکردنی سوپای سوور، چونکە لە سەرەتای ململانێکاندا، ترۆتسکی سەرنجیدا کە دەبێت بە هەنگاوی پراکتیکی هێزێکی جەنگاوەر دروست بکرێت. لە یەکەمین هەنگاودا ناوی پێنج ملیۆن هاوڵاتی خستە ناو پێرستی سوپای سوور، هەروەها سوودی لە چل و هەشت هەزار ئەفسەری خاوەن ئەزموونی سەردەمی قەیسەر وەرگرت، جگە لە چەندان هەنگاوی دیکە تروتسکی توانی بەم سوپایە جموجۆڵی سەربازی سەرکەوتووانە ئەنجامبدات (دان، بێ ساڵی چاپ: ١١٨).

حاڵی دەوڵەتی عوسمانیش پێش هەڵگیرسانی جەنگ لە ڕووسیای قەیسەری باشتر نەبوو بە هۆکاری جۆراوجۆر و دۆخی دەوڵەت ڕوو لە دارمان بوو. دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی شکستەکانی لە شەڕی بالقان بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی سوپا پشتیان بە شارەزایانی ئەڵمانی بەستبوو. ئەم نزیکبوونەوەیەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی مۆربکرێت لە ٢ی ئابی ١٩١٤ بە ناوی پەیمانی بەرلین. لەلایەن سەرکردەکانی ئیتیحاد و تەرەقییەوە بەسترابوو، تەنانەت سوڵتانیش ئاگاداری ئەم ڕێککەوتنە نەبووە. بەگوێرەی ئەم پەیمانە دەوڵەتی عوسمانی دەبوایە پابەند بێت بە یارمەتیدانی ئەڵمانیا لە کاتی پێویست (Armaoğlu، 2014، 103). کە جەنگ هەڵگیرسا دەوڵەتی عوسمانی لەژێر قورساییەکی زۆردا بوو، سێکوچکە لاوەکەی ئیتحادییەکان ئەنور پاشا، تەلعەت پاشا و جەمال پاشا، دەستیان بەسەر کاروباری دەوڵەت داگرتبوو، ئەمانە سەرسام بوون بە سیستەمی سەربازیی ئەڵمانیا. دەوڵەتی عوسمانیش لەلایەک مەترسی ڕووسیای لەسەر بوو کە ساڵانێکی دوورودرێژ بوو چاوی لە خاکی عوسمانی بوو. لەلایەکی دیکەش ئەڵمانیا وەکو داگیرکەرێکی تازە هەوڵیدەدا لە ڕێگەی

دەوڵەتی عوسمانییەوە شوێن و پێگەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قایمبکات. بەریتانیاش وەک زلهێزێک دەستی دەخستە کاروباری ناوچەکە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردەی باڵای هێزەکانی بەریتانیا (ئەمیرال لیمپوا- Amiral Limpua) هەوڵیدا ڕای تورکەکان وەربگرێت سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە جەنگ. گەورە باڵیۆزی بەریتانیا ( لیۆمیلت- Loui Millet)، لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عوسمانیدا دڵنیایی وەرگرت کە ئەوان بێلایەن دەمێننەوە، و خۆشحاڵبوون بەم بڕیارە. کەچی سەرباری ئەوانەش دەوڵەتی عوسمانی بە کاریگەریی سێ سەرکردە ئیتحادییەکە بڕیاریدا بە هاوپەیمانیەتی ئەڵمانیا بچێتە جەنگ لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ بە فەرمی ئەم بڕیارەی ڕاگەیاند (Mansfield ،1995، 29).

حکومەتی ئەڵمانیا لەو باوەڕەدانەبوو شەڕ درێژەبکێشی بەڵام کاتێک لە بەرەکانی ئەوروپا فشاری بۆ هات ناچاربوو داوا لە دەوڵەتی عوسمانی بکات بەرەیەکی شەڕ بکاتەوە. بە تایبەت کاتێک ڕووسەکان مەترسییان هەبوو لەسەر سنوورەکانی، ئەو بەرەیەش بەرەی قەفقاس بوو. بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندییان بە ئەنوەر پاشای وەزیری جەنگ کرد( Duran, 1970, S: 37, 16; Doğan, 2011: 180).

ئەنوەر پاشا کە کەسێک بوو زۆر سەرسام بوو بە سیستەمی سەربازیی ئەڵمانیا ماوەیەک لە ئەڵمانیا خزمەتی سەربازی کردبوو ئەو باوەڕی تەواوی هەبوو کە هیچ هێزێک لەسەر ڕووی زەوی نییە بتوانێت بەسەر هێزی ئەڵمانیا زاڵبێت، بۆیە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هێزی عوسمانی خستە ئامادەباشی، بە توانای خۆی هێزێکی وشکانی دروستکرد (أوزتونا، ١٩٩٠، مجلد ٢، ٢٢٧). لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٤، بە فەرمانی سوڵتان بڕیاری ڕاگەیاندنی جیهاد درا، بە مەبەستی ڕاکێشانی سۆزی موسوڵمانان. ئەم ڕاگەیاندنە هەرچەندە ترسی خستە دڵی هاوپەیمانان، بەڵام دواتر کاریگەریی زۆری نەبوو. ئەنور پاشا بەبێ

گەڕانەوە بۆ کەسانی شارەزا لە بواری سەربازی پلانێکی دارِشت، کە بریتی بوو لە هێرشکردن لە دوو قۆڵەوە لە باکوور دژی ڕووسیا بە سەرکردایەتیی خۆی کە لە قەفقاس بوو، لە باشووریش دژی بەریتانیا بە سەرکردایەتیی جمال پاشا. لە بەرەی باکوور بەرانبەر ڕووسیا، سوپای عوسمانی تووشی شکستهات. لە ئەنجامدا لە بەهاری ١٩١٥ ڕووسیا، ناوچەکانی ترابزۆن، ئەرزنجان، موش و بەدلیسی گرت (البدیری، ٢٠١٥، ٢٢٠). لەم ناوچانەدا ئەرمەنەکان هەبوون. لە مانگی ئابی ١٩١٤ سەرۆکی کەنیسەی ئەرمەنی ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە، یارمەتیدانی سوپای ڕووسی بە ماددی و مەعنەوی کردە ئەرکێکی ئاینیی سەرشانی ئەرمەنەکان. دوای ئەم ڕاگەیاندنە زۆرینەی ئەرمەنەکان بە دەم ئەم داواکارییە چوون تەنانەت هەندێکیان خۆبەخشانە بۆ خزمەتی سەربازی چوونە نێو سوپای ڕووس (لنشوفسکی،١٩٦٤، ٧٧). نووسەرێکی تورک، ئاماژە بەوە دەکات کە لە کاتی پاشەکشەکردنی هێزەکانی عوسمانی ئەرمەنەکان لە دواوە هێرشیان دەکردە سەریان دەچوونە پاڵ هێزەکانی ڕووسیا کە لەدواییدا بووە هۆی ڕوودانی شەڕ لەنێوان عوسمانی و ئەرمەنەکان، کوشتارێکی زۆری ئەرمەنییەکانی لێکەوتەوە کە لە مێژوودا بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان بەناوبانگە (Doğan ،2011، 109).

دەوڵەتی عوسمانی لە بەرەکانی شەڕدا لە بەرانبەر بەریتانیا لە دۆخێکی خراپدا بوو. تاساڵی ١٩١٨ لە فەڵەستین و عەممان و بەیروت شکان. تەنها لە دوو شوێن سەرکەوتن ئەوانیش گەمارۆی کوت لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٥ ماوەی شەش مانگی خایاندووە سێنزە هەزار و پێنج سەد سەربازی ئینگلیزەکان بەدیلگیران، بەڵام سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەردەوامی نەبوو، دواتر ئینگلیزەکان لە ١١ی ئاداری ١٩١٧ بەڕابەرایەتیی جەنەراڵ مۆد دەگەنە بەغدا و داگیری دەکەن، و شەڕی گالیبۆلی (Çanakkala)، کە توانرا ڕێگری لە پەڕینەوەی هاوپەیمانان بکرێت بۆ داگیرکردنی ئەستەمبۆڵ. بەردەوامی شکستەکان تەلعەت پاشای

سەرۆک وەزیرانی لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨ ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد. عزەت پاشا، لەسەر ڕاسپاردەی سوڵتان محەمەدی شەشەم کابینەی حکومەتی پێکهێنا (Armaoğlu ،2014 ،134). دەوڵەتی عوسمانی لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨، ئاگربەستی مۆدرۆسی لەگەڵ ئینگلیزەکان مۆرکرد، ئەمەش خۆبەدەستەوەدانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، چونکە بەندی حەوتەمی ئاگربەستەکە بریتی بوو لە داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی شوێنە گرنگ و ستراتیژییەکانی ئەم دەوڵەتە (زوچەر، ٢٠٠٩، ٢٢١).

پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەست، هاوپەیمانان بەبیانووی مسۆگەرکردنی ئاسایشی ڕێگای گەیاندنی کۆمەکی سەربازی بۆ هێزەکانیان، دەستیان بەسەر موسڵ و ئەسکەندەرۆنەدا گرت. عینتاب، مەرعش، ئەفیۆن، ئورفە، ئەسکی شهیر، قەرەحەسار و کۆتاهیە داگیرکران. ڕێگای ئاسنی بەغدا و ئەنادۆڵ و کەناراوەکانی دەریای ڕەش کۆنترۆڵکران. هێزەکانی بەریتانیا لە سامسۆن، تەرابزۆن و ئەنقەرە دابەزین. هەرچی هێزەکانی فەڕەنسا بوو ناوچەکانی ئەدەنە و زەنگوڵ داغی داگیرکرد. پاشان لە پایزی ١٩١٩ لە مەرعش و ئورفە جێگای هێزەکانی بەریتانیای گرتەوە. ئیتاڵییەکان ئەنتاکیە و کوشاداسی و ئەسپارتەیان داگیرکرد. هێزە هاوپەیمانەکان کۆمیتەی باڵایان لە ئەستەمبوڵ دامەزراند و چاودێری خرایە سەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، هەڵمەتی دەستگیرکردن بۆ ئەو کەسانەی دژی دەسەڵاتی بێگانە بوون دەرکرا. هێزەکانی هاوپەیمانان بە تەواوەتی دەسەڵاتیان بەسەر حکومەتی عوسمانیدا سەپاند. تەنها بەوەش نەوەستان بەڵکو بە هاندان و پشتگیریی بەریتانیا لە ١٥ی مایسی ١٩١٩ یۆنانییەکان ئیزمیریان داگیرکرد (غفور، ١٩٨٨، ٢٥- ٢٦؛ Ünal، 1978، 515).

بەم شێوەیە زۆرینەی خاکی دەوڵەتی عوسمانی دەستیبەسەرداگیرا، تەنانەت هەندێک شوێن دوای ئیمزاکردنی

ئاگربەستەکە دەستیانبەسەرداگیرا. سەرەڕای ئەم دۆخە، حکومەتی ئەستنبۆڵ باوەڕی بە بەڵێنەکانی هاوپەیمانان هەبوو. هەوڵی ئاساییکردنەوەی ژیانی هاوڵاتیانی دەدا. نیشتمانخوازانی تورک بە پێچەوانەی حکومەت، لە زۆربەی ناوچەکان دژایەتیی بێگانەیان دەستپێکرد. بە دیاریکراویش لە ئەنادۆڵ، جوڵانەوەی سیاسی دروستبوو. لە سەرەتا جموجۆڵەکانیان پەرشوبڵاو و بێسەرکردە بوون. دوای گەیشتنی مستەفا کەمال بۆ سامسۆنگ لە ١٩ی مایسی ١٩١٩ کە لەلایەن سوڵتان محمدی شەشەمەوە بۆ سەرکوتکردنی دەنگە ناڕازییەکان ڕەوانەکرابوو، گۆڕانکاری بەسەر شێوازی دژایەتیکردنی هێزەکانی بێگانەدا هات (Ünal، 1978، 515). ئەم جموجۆڵە سیاسی و سەربازییانەی مستەفا کەمال لەناوچەکەدا ئەنجامی دەدان، دەسەڵاتدارانی ئەستەمبۆڵی نیگەرانکرد. وەزارەتی جەنگ پەیامێکی بۆ ناوبراو نارد تاوەکو بگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ. چونکە هەواڵی ئەوەیان پێگەیشتبوو کە لەگەڵ خەڵکە ناڕازییەکە سازاوە بۆ دژایەتیی هێزەکانی بیانی. کەچی مستەفا کەمال ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە و دەست لە چالاکییەکانی دژی هێزە بیانییەکان هەڵبگرێ. بە پیچەوانەوە لە ئەرکە حکومییەکەی دەستیلەکارکێشایەوە و بڕیاریدا بۆ سەرکردایەتیکردنی ئازادیخوازەکان لە ئەنادۆڵ بمێنێتەوە (Lewis ،1993،284).

سەرهەڵدان و پتەوبوونی ڕیزەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی تورکی، گۆڕانکاری و کاردانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیا هەبوو. هەرچەندە ساڵانێک هەردوو دەوڵەت لەسەر فراوانکردنی زەوییەکانیان ململانێیان هەبوو. ئەم پێشهاتە نوێیانە لەیەکتری نزیککردنەوە لە دژی هاوپەیمانان، تەنانەت بوون بە دوو دۆست. شۆڕشی سۆسیالیستی ڕووسیا، ژێرخانی سەرمایەداری لە جیهان شڵەژاند و کۆتایی بە ڕژێمی قەیسەری هێنا. مافی نەتەوەکانی بۆ دیاریکردنی چارەنووس تا ئاستی جیابوونەوە ڕاگەیاند (ئەفیمۆف و

ئەوانی دیکە، ٢٠١٣، ب:٢، ١٥٨). سیستەمی حکومڕانیی نوێ لە ڕووسیا هەوڵی تەواوی خستەگەر بۆ هاوکاریکردنی هەموو ئەو بزوتنەوانەی کە لە جیهان دژی ئیستیعمار سەریانهەڵدابوو، لەوانەش بزووتنەوەی تورکی. کاتێک هاوپەیمانان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی سوڵتان و حکومەتی ئەستەمبۆڵ ناتوانن بزووتنەوەکە سەرکوت بکەن، بڕیاریاندا خۆیان لەناوییەرن. بە تایبەتی دوای بەشداریکردنی ئەندامانی بزووتنەوەکە لە هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆری کورسی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئەستەمبۆڵ و پەسەندکردنی گەڵاڵەنامەی نشتیمانی (میساقی میللی)(٥). لە ١٦ی ئازاری ١٩٢٠ هاوپەیمانان بە هێزێکی زۆرەوە هێرشیان کردە سەر ئەستەمبۆڵ. دەستیان بەسەر دامودەزگاکاندا گرت و پەرلەمان داخرا. بە گرتنی ئەستەمبۆڵ بزووتنەوەی نیشتمانی تورکی پێینایە قۆناغێکی نوێ کە ئەویش دامەزراندنی حکومەت و دەستکردن بوو بە خەباتی چەکداری (Yalçın. vd, 2008, C:I, 188, 189).

لە ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠ ئەندامە هەڵاتووەکانی پەرلەمانی ئەستەمبۆڵ، لەگەڵ هەندێک نوێنەری دیکە بەڕابەرایەتیی مستەفا کەمال ئەنجوومەنێکیان لەژێر ناوی (ئەنجوومەنی گەورەی نوێنەرانی میللەتی تورکیا- Türkiye Büyük Millet Meclisi) کورتکراوەکەی واتە (TBMM) دامەزراند. ٢٤ی نیسان مستەفا کەمال بە سەرۆکی ئەنجوومەن دەستنیشانکرا. هەرچی دامەزراندنی حکومەت بوو، تا مانگی مایس دواکەوت (Tansel, 1991: 94, 95). لەدوای دامەزراندنی حکومەتی ئەنقەرە کە لە مەراسیمی کردنەوەیدا مستەفا کەمال تیشکی خستەسەر ئەوەی کە هیچ چارەیەکی دیکەیان نییە تەنها شەڕ نەبێت. شەڕ و پێکدادان لەدژی هێزە داگیرکەرەکان ڕوویدا. بزووتنەوەی نیشتمانی لە ناوچەکانی ئۆرفە، مەرعش، ئەدەنە و مرسین سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. هاوپەیمانان بیریان لە هاندانی یۆنانییەکان کردەوە تاوەکو بزووتنەوەکە لەناوبەرن. لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢٠ یۆنانییەکان هێرشیان دەستپێکرد(مجموعة

الباحثين السوفيت، ٢٠٠٧، ٤٧). لەم بارودۆخەدا هاوپەیمانان بە قۆزتنەوەی لاوازیی حکومەتی ئەستەمبۆڵ لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ پەیماننامەی سیڤەریان(٦) لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا مۆرکرد، کە سەرلەبەری ماددەکانی لە بەرژەوەندیی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی بوو. کەمالییەکان دژی پەیمانەکە وەستانەوە ( Yalçın. vd, 2008, C:I, 194).

حکومەتی ئەنقەرە لە چوارچێوەی یەکخستنی بەرەی دژایەتیی داگیرکەر، هەوڵیدا لەسەر ئاستی دەرەوە پشتگیریی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت. لەم کاتەدا نزیکترین دۆست بۆ حکومەتی ئەنقەرە، ڕووسیا بوو(Armaoğlu, 2014: 280, 281). بێگومان ئەم هاوکاری و پشتگیرییە پاڵنەر و فاکتەری زۆری بەدواوەیە. بزووتنەوەی نیشتمانی دژایەتیی زۆری دەکرا و لە چەند لایەک لە ژێر فشاردا بوو. حکومەتی ئەستەمبۆڵ لەلایەک، هاوپەیمانان، یۆنانییەکان، سەرۆک هۆز و دەربەگەکان لەلایەکی دیکەوە، کەچی توانی بەرگەبگرێت لە ڕووی سیاسی و سەربازی سەرکەوتنی تۆمارکرد. حکومەتی تورکیا و ڕووسیا دوژمنی هاوبەشیان هەبوو کە هاوپەیمانان بوون. ئەوەشمان لەیاد نەچێت لە هەردوو دەوڵەتدا گۆڕانکاری ڕوویدا بوو، پێویستییان بە هاوکاری و پشتگیری یەکتر هەبوو. ڕووسیا هەوڵی ئەوەی دەدا بیری کۆمۆنیستی لە تورکیادا بڵاوبکاتەوە (Doğan، 2011:227). حکومەتی ئەنقەرەش هەرچەندە بە شێوەیەکی فەرمی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نەناسرابوو، دانی بە حکومەتی کۆمۆنستی ڕووسیادا دانا (صبح، ٢٠٠٣، ٦٧).

لە سەرەتاوە، حکومەتی بەلشەفیک ئاگاداری فشارەکانی بەریتانیا بوو لەسەر تورکیا. لە حاڵەتی تێکشکانی حکومەتی تورکیا، ڕووسیا ڕووبەڕووی فشاری زیاتر دەبووەوە. یەکێکی دیکە لە بنەما هاوبەشەکانی هەردوولا دژایەتیکردنی ئەرمینیایەکی بەهێز و سەربەخۆ بوو لە

ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. گومان لەوەدا نییە، دژایەتیی سۆڤیەت بۆ دەوڵەتێکی ئەرمەنی بەهۆی ڕێزگرتن لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا نەبوو. بەڵکو، بەلشەفییەکان زانیارییان هەبوو لەبارەی ئەوەی بەریتانیا پشتیوانیی دەوڵەتێکی ئەرمەنی دەکات کە دەکەوتە سەر سنووری وڵاتەکەیان (Ulgul, 2010: 7).

هاوپەیمانان بە گشتی و بەریتانیا بە تایبەتی بەسوودوەرگرتن لە کێشەکانی ناوچەی قەفقاس پیلانی زۆریان گێڕا بۆ تێکدانی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی نیشتمانیی تورکی و ڕووسیا. بەو ئامانجە لە کانوونی دووەمی ١٩٢٠ بیرۆکەی بەربەستی قەفقاس(Kafkas Seddi) کە لەلایەن کۆمیسەرێکی بەریتانی بەناوی ئۆلیڤەر واردرۆپ هاتە ئاراوە. پوختەی بیرۆکەکە ئەوەبوو کە بە پارە و چەک هاوکاری ئازربیجان و ئەرمەنستان و گورجستان بکەن و کێشە بۆ ڕووسیا دروستبکەن (Doğanay, 2009: 282). فەڕەنسا و بەریتانیا بەردەوام خەریکی دروستکردنی کێشەبوون، لە نێوان ئەنقەرە- ڕووسیا. هەریەکەیان لەلایەک هەوڵیدەدا تاوەکو نزیکایەتیی نێوانیان تێکبدەن، تەنانەت یەکێک لە هەواڵگرییەکانی بەریتانیا بە مستەفا کەمالی ڕاگەیاند، بەریتانیا ئامادەیە دەست لە ئەستەمبۆڵ و تەراقیا هەڵگرێت، ئەگەر هاتوو تورکەکان هێزی سەربازی دژی بەلشەفیکەکان ئامادەبکەن. بەڵام ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون، چونکە مستەفا کەمال متمانەی بە ڕووسەکان هەبوو (Perinçek, 2016: 64). لەپێناو دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ ڕووسیادا، لە کۆتایی ١٩١٩ خەلیل پاشای بە نوێنەری بزووتنەوەی نیشتمانی تورکی ڕەوانەی مۆسکۆ کرد. خەلیل پاشا لە ساڵی ١٩٢٠ گەیشتە ڕووسیا، پەیامی دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ ڕووسیا گەیاندە مۆسکۆ. ئامادەکاری بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتن هاتەئاراوە (Zanbilci, 2014, S:2, 113).

چەند ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی گەورەی تورکیا ٢٦ی نیسانی ١٩٢٠ مستەفا کەمال نامەیەکی ئاراستەی لینین کرد، تێدا تیشکی خستەسەر ئەو داگیرکارییەی دووچاری بوونەتەوە لەلایەن دوژمنەکانی کە مەبەستی هاوپەیمانان بوو. هاوکات دووپاتیکردەوە کە ئومێدی گەورەیان بە ڕووسیایە تاوەکو هاوکارییان بکات. وەڵامدانەوەی ئەو نامەیە لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٢٠ لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا خاڵێکی وەچەرخان بوو لە مێژووی بزووتنەوەی نشتمانی تورکیا، چونکە یەکەم دەوڵەت بوو دانی بە حکومەتی ئەنقەرە دانا ( Armaoğlu, 2014: 279). دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، پشتگیریی ڕووسیا بۆ تورکەکان بەردەوام بوو، تا سەرکەوتنی بزووتنەوەکە بە یەکجارەکی. لە تەمموزی ١٩٢٠ دەستەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەردانی سۆڤیەتیان کرد. دوای چەند چاوپێکەوتن و دانیشتن و ڕەزامەندیی لینین، بڕیاردرا بەسەردانیکردنی شاندی ڕووسیا بۆ ئەنقەرە. جێگەی سەرەنجە پاش چوار ڕۆژ لە سەپاندنی پەیمانی سیڤەر بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا، لە ٢٤ی ئابی ١٩٢٠ دەستەی دانووستانکاری تورکی- ڕووسی ڕەشنووسی ڕێککەوتنێکی حەوت خاڵیان ئامادەکرد، کە دەکرێت ئەم هەنگاوە وەکو پاڵپشتییەکی ڕووسیا بۆ کەمالییەکان هەژماربکەین لە ڕەتکردنەوەی پەیمانی سیڤەر. دواتر هەر ئەم ڕەشنووسە بووە بناغەیەک بۆ ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٢١. هەر لە هەمان ساڵدا بەهۆی ئەو هاموشۆکردنەی لە نێوان تورکیا و ڕووسیادا هەبوو، دەرگا بە ڕووی ڕووسیادا کرایەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری چەپ لە نێو تورکیادا. لە ئەنقەرە چەندان پارتی جۆراوجۆر دەستیان بەکارکردن کرد لەوانە، (چەپە یەکگرتووەکان(İttihatçı Solu)، سوپای سەوز(Yeşil Ordu)، زومرەی گەل(Halık Zümresi)، تابوری کۆمسیۆنی فەرمی تورکیا ( Resmi Türkiye Komünist Fırkası) و تابوری ئیشتراکیەکانی هاونیشتمانی تورکیا (Türkiye Halık İştirakiyyun Fırkası)....هتد)، ئەمانە بەهاریکاریی ڕاستەوخۆی ڕووسیا چالاکییان ئەنجامدەدا. لە ٢٤ی مایسی

١٩٢٠ بە بەشداری نوێنەری ڕووسیا مانتۆف(Ş.Manatof) سیمنار بۆ پارت و ڕێکخراوە کۆمۆنستیەکان ئەنجامدرا (Zanbilci, 2014, S: -113 2, 114).

ئەم قۆناغە بۆ هەردوو دەوڵەت هەستیار و گرنگ بوو، گۆڕانکاریی زۆر هاتەئاراوە کە ڕەنگە پێشبینیکردنی ئاسان نەبوو بێت. ئەم قۆناغە تێکۆشان بوو لەپێناوی مانەوەدا، بەلای ڕووسیاوە پاراستنی بازرگانیکردن لە گەرووەکان زۆر گرنگبوو ( Küçük, 2019, S: 1, 164-166). لەم سۆنگەوە بەبایەخەوە دەیڕوانییە بزووتنەوەی نیشتمانی تورکی و بەتەنگ سەرکەوتنی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیدەدا داواکاری ئەرمەنییەکان مسۆگەر بکات. بۆیە لەکاتی سەردانی نوێنەر تورکیا بۆ ڕێککەوتن، ڕووسیا داوایکرد وان و بەتلیس بدەنە ئەرمینیا. لە ئەنجامی ئەو داخوازییەی ڕووسیا، دانوسانەکان تەگەرەی تێکەوت. شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەو کات شەڕ و ناکۆکی لە نێوان حکومەتی ئەنقەرە و ئەرمینیا هەبوو. دوای شکستی ئەرمینیا لەبەردەم شاڵاوی سوپای تورک بەسەرکردایەتی کازم قەرەبەکر لە ساریقامیش و گومرو (Gömrü)، لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ ئەرمەنییەکان ناچاربوون بە ئیمزاکردنی ئاشتینامەیەک کە ناسراوە بە ئاشتینامەی ئەلیکسەندەرپوول (زوچەر، ٢٠٠٩، ٢٥٣). بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتنە شەڕی نێوان ئەرمینیا و تورک کۆتاییهات. ئەرمینیا بەڵێنیدا پەیماننامەی سیڤەر ڕەتبکاتەوە، هاوکات لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی دیکە لە دژی حکومەتی ئەنقەرە ڕێککەوتن نەکات. هەر لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە، سنووری نێوان هەردوولا دیاریکرا (Doğan, 2011: 219). بەم شێوەیە ئەم ڕێککەوتنە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیا ئاسانتربێت.

لە مانگی شوباتی ١٩٢١ بە دەستپێشخەریی ئەنقەرە کۆنگرەی هاوبەشی نێوان ڕووسیا- تورکیا دەستی بەکارەکانی کرد. وەزیری

ئابووری تورکیا یوسف کەمال بەگ لەگەڵ ئەندامانی باڵیۆزخانەکەی لە ڕووسیا لە ٢٦ی شوبات بەشداری کۆنگرەکەی کرد. بزووتنەوەی نیشتمانی تورکیا لە کاتێکدا باڵیۆزخانەی لە ڕووسیا کردبووەوە، هێشتا سوڵتان لە ئەنقەرە  حوکمرانی دەکرد و دەستبەرداری دەسەڵات نەببوو. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕووسیا چەندە پشتگیر و هاوکاری ئەنقەرە بووە، بەڕادەیەک لە قۆناغی زوودا وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. لینین زۆر بەگەشبینانە دەیڕوانییە قۆناغەکانی بەرێوەچوونی دانوسانەکان و بە دەستکەوتێکی مەزنی ڕووسیای دادەنا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە. لە هەمان کاتیش بەبایەخەوە دەیڕوانیە بەرژەوەندییەکانی حکومەتی نیشتمانی تورکی (مجموعة من الباحثين السوفيت، ٢٠٠٧، ٦٢). لە ١٦ی ئاداری ١٩٢١، ڕێککەوتنی دۆستایەتی هاریکاری لە نێوان ڕووسیا و تورکیا مۆرکرا، بەناوی ڕێککەوتنی مۆسکۆ، هەندێک لە مادده گرنگەکانی بریتی بوون لە:

١- هەردوولا ڕێگەنادەن بە بەکارهێنانی خاکەکانیان لەلایەن گروپە یاخیبووەکان لەدژی یەکتر.
٢- ڕووسیا دان بە سنووری ئەو تورکیایە دەنێت کە لە بەڵێننامەی نیشتمانیدا هاتووە.
٣- هەموو ئەو ڕێککەوتننانەی کە لە سەردەمی پێشوو لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیای قەیسەریدا مۆرکراون هەڵدەوەشێنەوە.
٤- قارس و ئەردەهان درایەوە تورکیا و لە بەرانبەریشدا تورکیا وازی لە باتۆم هێنا بۆ ڕووسیا.
٥- پێشکەشکردنی هاوکاریی ئابووری و دارایی و پیشەسازی بەیەکتری.
٦- هەر لایەک ڕێککەوتنەکە دان پێدانەنێت لایەکی دیکەش ئەو مافەی هەیە ( Doğan, 2011: 227؛ شاهندە، ١٣٣٤، ٥٥).

مستەفا کەمال بۆ زیاتر پەیداکردنی پاڵپشتی لە ماوەی شەڕی ڕزگاریدا، چەندان ڕێککەوتنی تری مۆرکرد. لەوانە ئەنجامدانی ڕێککەوتنی دۆستایەتی لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢١ بە ناوی ڕێککەوتنی قارس لەگەڵ ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربیجان و ڕووسیا، و بەستنی ڕێککەونتی دۆستایەتی لە ئەنقەرە لەگەڵ فەڕەنسییەکان ٢٠ی تشرینی دووەمی١٩٢١(Uçarol, 2013: 730). ئەم ڕێککەوتننانە بە هۆکارێکی سەرکەوتنیی بزووتنەوەی نیشتیمانیی تورکی دادەنرێت. چونکە بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتنە حکوومەتی ئەنقەرە دەسەلاتی گەڕایەوە بۆ سنوورەکانی ڕۆژهەلات، ئەمەش یارمەتیدەری بوو تاوەکو دواتر سەرکەوتن لە بەرانبەر یۆنانییەکان بەدەستبێنێ (Perinçek, 2016: 66). مۆرکردنی ڕێککەوتنی مۆسکۆ و قارس دەرگای قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی ڕووس و تورک کردەوە. لەو دەمەدا عەلی فوئاد پاشا وەک باڵیۆزی تورکیا لە مۆسکۆ دەستبەکاربوو لە دوای ئەوەی مەدیاڤانی وەک باڵیۆزی ڕووسیا گەیشتە ئەنقەرە (Gürün, 1991: 71,72).

بەریتانییەکان لەم قۆناغەدا بەهۆی سەرقاڵییان بە کاروباری داگیرگەکانیان، زیاتر هاوکاریی یۆنانیەکانیان دەکرد، کەچی دوای شەڕی سەقاریا لە ئەیلولی ١٩٢١ دۆخەکە پێچەوانە بووەوە. لە مانگی ئەیلولی ١٩٢١ یۆنانییەکان هێرشەکانیان چڕکردەوە لەپێناو داگیرکردنی ئەنقەرە. لە ١٣ی ئەیلولدا بە هێزێکی چەند هەزار کەسی لە مەیدانی سەقاریا لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاری تورکی بە فەرماندەی مستەفا کەمال و عیصمەت پاشا ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە. تورکەکان دوای ئەوەی لەم شەڕەدا سەرکەوتن، توانیان مەترسیی گرتنی ئەنقەرە دووربخەنەوە( Uluğ, 1970, S:36, 32 ). ئەم سەرکەوتنە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی بزوتنەوەی نیشتمانیی تورکی هەبوو. بە جۆرێک دوای ئەو سەرکەوتنە فەڕەنسا بەبێ ئاگاداریی بەریتانیا گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی ئەنقەرە دەستپێکرد لە٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١ ڕێککەوتنی ئاشتی لە

نێوانیان مۆرکرا. ئەمەش پێگەی حکومەتی ئەنقەرەی بەهێزتر کرد (Armaoğlu, 2014: 401, 402). ئیتالییەکانیش بەهۆی هەبوونی کێشەی ناوخۆ و ناکۆکییان لەگەڵ هاوپەیمانان لە تەممووزی ۱۹۲۱ ئەنادۆڵیان جێهێشت، بەم شێوەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تورکی بەرەی دژ بە دوژمنەکانی یەکخست و ئەرکی ئاسانتربوو(Eyicil, 2005: 404). لە ۹ی ئەیلولی ۱۹۲۲ سوپای تورک دوای هێرشێکی بۆسەر هێزە سەربازییەکانی یۆنان، توانی بچێتە ناو ئەزمیر. بەڵام ئەوەش بە مانای سەرکەوتنی تەواو نەدەهات، چونکە یۆنانییەکان دەسەڵاتیان بەسەر ڕۆژهەڵاتی تەراقیادا مابوو و ئەستنبۆڵ و گەرووەکان لەژێر دەستی بەریتانیادا بوون. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەریتانیا هەستیکرد ئیتر لە توانایدا نەماوە دژایەتیی بزووتنەوەی کەمالی بکات و دوای شکستەکان متمانەی بە یۆنان نەما بۆیە بیری لە ڕێگەچارەی ئاشتی کردەوە. گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی ئەنقەرە دەستیپێکرد، لەو سۆنگەوە هەردوولا لە ۳ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۲ کۆنفرانسێکیان لە مۆدانیە ڕێکخست. دوای هەفتەیەک لە دانوستاندن لە ۱۱ی تشرینی یەکەم گەیشتن بە ڕێککەوتن. شیاوی باسە هەرچەندە شەڕ لە نێوان یۆنان و تورکیا بوو، بەڵام لە کاتی ڕاگەیاندنی ئاگربەست، یۆنان ئیمزای لەسەر ڕێککەوتنامەکە نەکرد. هەرچەندە بابەتەکە پەیوەندیدار بوو بە پەیوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ تورکیا. بەپێچەوانەوە ئەم وڵاتانەی لە پشتی پەردەوە سەرپەرشتیی پرۆسە سەربازییەکانیان دەکرد، ئەوان ئیمزای ئاگربەستەکەیان لەگەڵ تورکیا کرد. بەو شێوەیە ئاگربەستەکە لە نێوان حکومەتی ئەنقەرە و بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیا مۆرکرا (Koçak, 2000, C: 4, 127). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت یۆنانییەکان بەبێ ویستی خۆیان بەکارهێنران و بەهەمان شێوەش کۆتایی بە ڕۆڵیان هێنرا. بەگوێرەی ئەم ئاگربەستە هێزەکانی یۆنان لەو ناوچانەی کە مابوون پاشەکشەیان کرد هێزی تورک شوێنی گرتنەوە، گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورک بۆ سەر ناوچەکانی ژێر

دەسەڵاتی هاوپەیمانان دواخرا. ئەستنبۆڵ و گەرووەکان لەژێر دەستی بەریتانیا مایەوە بەڵام، لە بەرانبەردا هاوپەیمانان دانیان بە حکومەتی ئەنقەرە دانا (Lewis, 1993: 254).

دوای ئەوە کارکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی لۆزان لە ساڵی (١٩٢٣) دەستپێکرد لەپێناو چارەسەری یەکجاری کێشەی نێوان تورکیا و هاوپەیمانان (احمد، مراد، ١٩٩٢، ٢٣٧)، کۆنگرەی لۆزان بە بەشداری حکومەتی ئەنقەرە لەلایەک بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، ڕۆمانیا و یوگسلاڤیا ئەنجامدرا. ئەو بابەتانەی لەم کۆنگرەیە لە نێوان حکومەتی ئەنقەرەو بەریتانیا بە توندی هەڵوەستەی لەسەر کرا کێشەی گەرووەکان، کێشەی موسڵ و قەرزەکانی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی بوو، لە کێشەی گەرووەکان نوێنەری تورک داوای هاریکاریی ڕووسیای دەکرد، سەرەڕای هەبوونی ئەو گرژییانەش زۆربەی کێشەکان چارەسەربوون جگە لە کێشەی موسڵ(٧) نەبێت، ئەم کۆنگرەیە بەسەرکەوتن بۆ ئەنقەرە هەژماردەکرێت، چونکە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناسێنرا( Eyicil, 2005: 396, 397). پەیمانی لۆزان ڕووسیا و بەریتانیای بەگژ یەکتردا برد، ڕووسەکان دڵنیاییان دەویست لەبارەی دەریای ڕەشەوە، بە پێچەوانەوە، بەریتانیا دەیویست ڕێڕەوێکی هەبێت بۆ دەریای ڕەش لەوێشەوە بۆ هەموو وڵاتانی جیهان. کەچی تورکیا بە چارەسەری بەریتانیا ڕەزامەند بوو بە دەستکارییەکی کەمەوە، ڕووسیاش لە مانگی ئابی ساڵی دواتر بووە دەوڵەتێکی واژووکاری سەر ڕێککەوتنامەکە لەسەر تەنگەبەرەکان، بەڵام هەرگیز نەیخستە بواری جێبەجێکردنەوە( Wallace, 2014: 88, 89). لەدوای لۆزان حکومەتی ئەنقەرە هەوڵەکانی ڕێکخست بۆ گۆڕانکاریی ناوخۆیی. لە ساڵی ١٩٢٣ بزووتنەوەی نشتیمانی سیستەمی کۆماری لە تورکیا ڕاگەیاند. پاشان مستەفا کەمال وەک یەکەم سەرۆککۆمار لە مێژووی هاوچەرخی تورکیا هەڵبژێردرا (برون، ٢٠٠٦، ٥٣٨).

## ٢. پەیوەندیی تورکیا و یەکێتیی سۆڤیەت ١٩٢٤- ١٩٣٨

تورکیا لەدوای کۆنگرەی لۆزان لەگەڵ جیاوازییە ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانی پێی وابوو دەبێت هاوپەیمانیەتی لەگەڵ سۆڤیەت بەردەوام بێت. چونکە ناکۆکییەکانی لەگەڵ بەریتانیا و فەڕەنسا به تەواوەتی بنبڕ نەببوون، سیاسیەتی دەرەوەی سۆڤیەتیش لەو ماوەیە کارکردن بوو لەسەر گەشەپێدانی دۆستایەتی و نیەتباشی لە بەرانبەر تورکیا. بێگومان مەبەستی لەو سیاسەتە ئەوە بوو کە لە ڕێگای تورکیاوە نیشانی گەلانی ئاسیا بدات، کە مۆسکۆ تاکە دۆستی دڵسۆزی ئەوانە. لەلایەکی دیکە تورکیا مەبەستی بوو لە بابەتی گەرووەکان پشت بە سۆڤیەت ببەستێت (لنشوفسکی، ١٩٦٤، ١٧٧).

سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی بەگوێرەی قۆناغەکان لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە. دروشمی شۆڕش دژی ئیمپریالیزم و ڕژێمی سەرمایەداری بوو. لە سەرەتاوە ماوەی حکومڕانی لینین، لە بەرانبەر وڵاتە گەورە و زلهێزەکان لاوازبوو. هەرچەندە ڕۆژئاوا زۆر پێی نیگەران بوو، کەچی کاریگەریی ئەوتۆی دروست نەکرد. ئەمەش پەیوەست بوو بە توانا و هێزی خودی دەوڵەت، چونکە کێشە ناوخۆییەکانی سۆڤیەت دەوڵەتی ناچارکردبوو لەسەر ئاستی دەرەوە لە مەسەلە سیاسییەکان پاشەکشە بکات. بەڵام ئەم سیاسەتە لەو ئاستەدا نەمایەوە بەڵکو گۆڕانکاری بەسەرداهات لە ڕووی سەربازی و دبلۆماسی، بەسوودوەرگرتن لە کۆنترۆڵکردنی باری ناوخۆی وڵات ( Ulgul, 2010: 7؛ محمد، بدون سنة طبع، ١٩١-١٩٢).

پێشهاتە سیاسییەکانی لە ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەریەک لە بەریتانیا و فەرەنسا هاتنەکایەوە، بەهۆی سەرکەوتنی پارتی کار لە هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٣،

بەسەرکردایەتیی ڕامسی ماکدۆناڵد (Ramsay Macdonald) حکومەتی نوێی پێکهات و لە شوباتی ١٩٢٤ بە فەرمی دانرا بە حکومەتی ڕووسیا. لە ئایاری ١٩٢٤ لە فەڕەنسا، پارتی چەپ دەنگی زۆرینەی لە هەڵبژاردنەکان بەدەستهێنا. لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٤، حکومەتی ڕووسیا دانپێینرا. ئەم ڕووداوانە لێکەوتەی ئەرێنی لەسەر پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی ئەم دوو وڵاتە هەبوو لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت. بەهۆی ئەوەی هەردوو پارتی سەرکەووتو خاوەن ئایدیای سۆشالیزمی بوون و لەگەڵ بەشێک لەسیاسەتی سۆڤێت یەکیان دەگرتەوە. ئەم گۆرانکاریانەی هاتنەپێشەوە، دەرگایان بەڕووی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی هەردوولا بەگشتی کردەوە (Gürün, 1991:107).

تورکیا بەهەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی سەڵتەنەت و ڕاگەیاندنی کۆماری، بەشی زۆری لەو ئاستەنگانە هەڵگرت، کە ڕێگربوون لە دروستکردنی ڕژێمێکی نا ئاینی هاوتەریب لەگەڵ سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی(Doğan, 2011: 256). ئەتاتورک هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیەکانی دەدا کە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە کە بەرۆکی حکومەتی تورکیایان گرتبوو. لەلایەکی دیکە دەبوایە پەیوەندییەکانی دەرەوەی بە تایبەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بپارێزێت، چونکە تا ئەوکات هێشتا پێویستی بە پاڵپشتیی سۆڤیەت هەبوو. لە١ی ئادار ١٩٢٤ لە وتەیەکی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورەدا سەبارەت بە یەکێتیی سۆڤیەت دەڵێت، "بە گرنگییەکی ڕادەبەدەر پەیوەندیی دۆستانەمان لەگەڵ سۆڤیەت بەرز دەنرخێنین. بە ڕاستی لەناخەوە حەزدەکەین پەیوەندییەکانمان بەرەو پێش بچێت. لەگەڵ هەبوونی چەند ئاستەنگ لێرەولەوێ، دەتوانرێ چارەسەر بکرێت. هیوادارین زووبەزوو واژووکردنی ڕێککەوتن سەبارەت بە قونسوڵییەکان دوانەکەوێت کە خەریکە کۆتاییبێت" (Gürün, 1991:103).

بەهۆی ئەو پەیوەندییە دۆستانەی کە لە نێوان تورکیا-سۆڤیەت هەبوو، دوای تێپەڕبوونی چەندان ساڵ گەڕاندنەوەی دیلەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا گیرابوون لەلایەن حکومەتی تورکیا هەوڵی بۆ درا، بەگوێرەی بەڵگەیەکی مانگی سووری تورکی/ مەرکەزی گشتی، ژمارە ٣٤٨/ ٣٢٨ لە ١٩ی مارتی ١٩٢٤ کە لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی کۆماری تورکیا وەڵامی نووسراوی سەرۆکوەزیران دراوەتەوە، تێیدا ئاماژە بە هەبوونی ژمارەیەک دیل دەکات کە بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو لە سۆڤیەتن، ئەم دیلانە لە کاتی جەنگی گشتی (مەبەستی جەنگی یەکەمی جیهان)ە دەستگیرکراون. لە نووسراوەکەدا ئاماژە بە ڕەوشی ئەو دیلانە نەکراوە، تەنها ناوی چەند کەسانێک دەبات کە دەستنیشانبکرێن بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە جێبەجێبکەن، میکانیزمی گەڕانەوەکە دەستپێبکەن (BOA\HR.IM\ 00100.00027). بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە ئەم دیلانە لە سەردەمی حکومرانیی قەیسەری و دەوڵەتی عوسمانیدا گیراون، هەردوو سیستەمەکەش بوونیان نەماوە و پەیوەندییەکانی تورکیا و سۆڤیەت لە ئاستێکی گونجاودایە بۆیە هیچ ئاستەنگێک بەدی ناکرێت لە پێش گەڕاندنەوەیان.

لەلایەنی خۆشیەوە یەکێتیی سۆڤیەتیش بەهەمان شێوەی تورکیا لەناوخۆدا دووچاری چەند گرفتێک بووەوە. بەشی زۆریان پەیوەندی بەلایەنی ئاینی هەبوو. چونکە سیستەمی تازەی حکومرانی تەواوی دەسەڵاتی کەنیسەی ئەرسەدۆکسی داماڵی بوو. لەلایەکی دیکە، حکومەت سەرجەم زەوییەکانی لە موڵکداری زەوییە گەورەکان وەرگرتەوە. ئەوانیش لە دەسەڵات هەڵگەڕانەوە و جوڵانەوەی چەکدارییان هەڵگیرساند. مردنی لینین لە ساڵی ١٩٢٤ بارودۆخەکەی زیاتر دژوار کرد، بەهۆی نەبوونی جێگرەوەیەک بۆ شوێنەکەی. ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی ململانێ لەنێوان دوو کەسایەتی کە ترۆتسکی و ستالین بوون لەسەر دەسەڵات (ئەحمەد، ٢٠١٢، ٩٢). لینین کە لە ساڵانێکی سەختدا دۆستی

تورکەکان بوو، ئەوان بۆ لەدەستدانی غەمبار و نیگەران بوون. ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورەی تورک لە دانیشتنی ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٤ جەلال نوری بەیی لە لێدوانێکدا لەسەر کەسایەتیی لینین دەڵێ "لەپێش چوار ساڵ بەر لە ئێستا هەموو دونیا دژی ئێمە وەستا، وڵاتمان و میللەتمان لە ترسدا دەژیا، لە دونیادا هیچ وڵاتێک و هاوکار و کۆمەکمان نەبوو، لە هەموو لایەک دەرگاکان داخرابوون، لەو کاتەدا سەرۆکی ڕووسیا بەڕێز لینین بەهەموو شێوەیەک بە ماددی و مەعنەوی هاوکار بوو..."( Çolak, 2010: 121). مستەفا کەمال سەرۆککۆماری تورکیا دوای بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی لینین، پرسەنامەی ئاراستەی حکومەتی سۆڤیەت کرد غەمباریی خۆی ڕاگەیاند(Benhür, 2008, S: 24, 293).

لینین بەر لە مردنی بەنامەیەک هۆشداری دابووە حزبەکەی لە دانانی ستالین، کە وەک وەسیەتنامەیەک بوو، بەڵام بەهەند وەرنەگیرا بەڵکو ستالین توانی زاڵبێت بەسەر ڕکابەرەکانی بە تایبەت ترۆتسکی(دان، بێ ساڵی چاپ، ١٣٢، ١٣٧). ستالین کەسێک نەبوو دوور بێت لە سیاسەت بەڵکو لە ١٩٢١ کە لەلایەن لینین بە سەرۆکی لیژنەی چاودێریی کارگێری دانرابوو. ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٢ بەسکرتێری گشتی حزبی شیوعی سۆڤیەتی دەستنیشانکرا. لەگەڵ دەستبەکاربوونی ستالین دەستیکرد بە هەنگاوەکانی بەهێزکردنی پێگەی خۆی قۆناغ بە قۆناغ سەرکەوت لە ڕێگای سوودوەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوخۆی پارتەکەی. لەلایەکی دیکەوە، ڕقی بەرانبەر ترۆتسکی وایکرد کە هەوڵی دوورخستنەوەی بدات لەسەر ڕێگەی خۆی، ئەویش بە دروستکردنی تۆمەت بۆی لە ١٩٢٧ توانی ئەوە ڕابگەیەنێت کە ترۆتسکی سنوورەکانی حزبایەتی بەزاندووە هەوڵی کودەتای داوە لەسەر حوکم، ئەمەش وایکرد بە تەواوەتی ڕۆڵی ترۆتسکی نەهێڵێت لەنێو سوپای سوور و وەزارەتی بەرگری، دواتریش دووری خستەوە بۆ دەرەوەی وڵات (کاظم و عبد، ٢٠١٤، عدد، ١٧، ٢٨١، ٢٨٢).

تورکیا و یەکێتیی سۆڤیەت لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکییان تاڕادەیەک لێکچوونیان هەبوو. لە ئاستی سیاسەتی دەرەکی پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا پتەو نەبوو، هەرچەندە مستەفا کەمال لە سەر ئاستی ناوەوە هەوڵیدەدا سیماکانی کلتووری ڕۆژئاوا بگوازێتەوە بۆ وڵاتەکەی. لە ساڵی ١٩٢٥ ئامادەکاری و گفتوگۆکردن سەبارەت ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت دەستپێکرد، ڕەنگە پاڵنەرەی جۆراوجۆر هەبن، لەوانە یەکلاکردنەوە کێشەی موسڵ لە بەرژەوەندی بەریتانیا، کێشەی سنووری سوریا لەگەڵ فەڕەنسا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ یۆنان بە باشی نەدەڕۆیشت. ئەمانە پاڵنەری بەهێزبوون بۆ ئەوەی تورکیا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت نزیکبێتەوە (Gürün, 1991: 109). ستالین دوای ئەوەی هاتە سەر دەسەڵات(١٩٢٤- ١٩٥٣)، ڕووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر بووەوە، هەوڵیدا لەلایەن وڵاتانی ئەورووپا قبووڵبکرێت، بە شێوازێکی دیکە خۆی بخزێنێتە نێو هاوکێشە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان. بەڵام هەوڵەکانی بێ ئەنجام مانەوە کاتێک پەیمانی لۆکارنۆ(٨) لەنێوان وڵاتانی ئەورووپا واژۆکرا و سۆڤیەت پەراوێزخرا. سۆڤیەت و تورکیا ئەم ڕێککەوتنەیان وەکو هەڕەشەیەک بۆ خۆیان زانی(Çolak, 2010: 122).

لەپاڵ هەوڵەکان بۆ نزیکبوونەوە، پەیوەندییەکان بێکێشەنەبوون. بەگوێرەی بەڵگەیەکی ڕووسی لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت دەردەکەوێت کە لەنێوان تورکیا و سۆڤیەت کێشەوگرفت و دەنگۆی جوڵەپێکردنی هێز هەبووە لەلایەن سۆڤیەت لەسەر ناوچە سنوورییەکان. بەڵام سوریتزی(Surits) باڵیۆزی سۆڤیەت لە تورکیا لە دانیشتنی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ لەگەڵ شوکری کایای وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی تورکیا، دڵنیاییدەداتە تورکیا کە سۆڤیەت هیچ جوڵەیەکی سەربازی لە ناوچە سنوورییەکان ئەنجامنەداوە. جوڵە سەربازییەکانی هێزەکانی سۆڤێتیش لە ناوچەی قەفقاس بە جوڵەیەکی سەربازیی ئاسایی وەسفدەکات. هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەتەکەی هیچ

بەرژەوەندی لە هاندانی خۆپیشاندان نییە لە ناوخۆی تورکیا. هەرچەندە سوریتز ئەم دەنگۆیە ڕەت دەکاتەوە کەچی بەگوێرەی نووسراوێکی وەزارەتی دەرەوە لە ڕێپێدراوی ئەستنبۆڵ لە ٥ی ئازاری ١٩٢٥ بەژمارە ٥١١/ ٢٩٤٧٠ باس لەوەدەکات کە نێردراوی بەریتانیا پێی ڕاگەیاندوون گوایە هێزی ڕووسەکان بەرانبەر کەنارەکانی تورکیا واتە کەناراوەکانی دەریای ڕەش جەنگیان ڕاگەیاندووە. بەڵام لەو نووسراوە ئەوە ڕادەگەیەنێ کە ڕاستی و دروستیی ئەم دەنگۆیە چەندە داوای لێکۆڵینەوە و وەڵام دەکات. واپێدەچێت بەریتانیا لە دروستکردنی ئەم گومانە هەوڵی دروستکردنی ناکۆکی دابێت لە نێوان هەردوو دەوڵەت. هەر لەم گفتوگۆیەدا شوکری کایا ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە گوایە دەوڵەتێکی دراوسێ بە تورکیای ڕاگەیاندبێت سیستەمی حکومڕانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕووخاندایە و لاوازە و کێشەی هەیە، شوکری کایا، ڕایگەیاند جگە لە یەکێتیی سۆڤیەت و پۆڵەندا هیچ دەوڵەتێکی دیکە باڵیۆزخانەی لە ئەنقەرە نییە، لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لەگەڵ یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە لۆزان و هێوربوونەوەی دۆخەکە کەچی هێشتا تورکیا پەیوەندیی دبلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بونیادنەناوە، وادیارە ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی شوکری کایا پێشنیاری بەستنی پەیماننامەیەک بکات، تاوەکو بتوانن بە یەکجارەکی کۆتایی بە دەنگۆ و پروپاگەندەی نێوانیان بهێنن، لەهەمان کاتدا سوریتز تێبینی ئەوەی کرد کە پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لە ئاستێکی پێویستدا نییە، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ کەمتەرخەمیی بەرپرسان( Документы внешней политики СССР, 1963, Том 8, 53, 56 ; BOA, HR.IM\ 00134.00058). کاتێک کۆمەڵەی گەلان لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥ بڕیاری یەکلاکردنەوەی کێشەی موسڵی ڕاگەیاند لە دژی تورکیا، ئەم ولایەتە بەعێراقەوە لکێنرا. تورکیا پێداگری دەکرد لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت. ڕۆژی دواتر لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥ لە پاریس پەیماننامەی (دۆستایەتی و

بێلایەنی) لەنێوان تورکیا و یەکێتیی سۆڤیەت واژۆکرا. ئەم پەیمانە وڵاتانی توشی سەرسوڕمانکرد، بەگوێرەی ئەم پەیمانە،

١- هەردوو دەوڵەت هێرش ناکەنە سەر یەکتری.
٢- لەکاتی هێرشکردن بۆ سەر هەر لایەکیان ئەوا دەوڵەتەکەی دیکە بێلایەن دەوەستێت.
٣- پێویستە پێش گفتوگۆ یان ڕێککەوتن لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دیکە، دەبێت یەکتری ئاگاداربکەنەوە (Sander, 1998: 70).

هەرچەندە ئەم ڕێککەوتنە زیاتر مۆرکێکی سیاسی پێوە دیار بوو. بەڵام دواتر هەنگاوی ئابووری و بازرگانی بەدواوە هات( Sander, 1998: 70). هەندێک لە سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ماوەی ڕێککەوتنەکە سەرەتا ٣ ساڵ دیاریکراوە و ئەگەر هاتوو هەر لایەنێک نەیویست درێژبکرێتەوە ٦ مانگ پێشوتر دەبێت لایەنی دووەم ئاگاداربکاتەوە. ساڵێکیش بۆی هەیە ڕاستەوخۆ درێژبێتەوە، بۆیە لە ١٩٢٨ تا ١٩٢٩ نوێکرایەوە، جارێکی دیکە لە ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٢٩، پرۆتۆکۆڵێکی تازە واژۆکرا کە ماوەی دوو ساڵ پەیماننامەکە درێژکرایەوە، لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١ بۆ ماوەی پێنچ ساڵ، ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥ بۆ ماوەی دەساڵ درێژکرایەوە(Gürün, 1999:187). دوای ڕێککەوتنەکە ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا لە ١١ی شوباتی ١٩٢٦، پەیماننامەکەی پەسەندکرد. بەبۆنەی پەسەندکردنەکەش جۆرجی تشیشیرین(Georgy Chicherin) وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، لە ڕێگای تلگرافێک پیرۆزبایی ئاراستەی تورکیا کرد. ١٨ی شوبات نوێنەری باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە ئەنقەرە چاوی بە مستەفا کەمال کەوت، سەبارەت بە پەیماننامەی ١٩٢٥ گفتوگۆیان ئەنجامدا و دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە ئەمە تەنها سەرەتایەکە و بەرەوپێشچوونی زیاتری بەدواوە دەبێت ئامانجی کۆتاییشیان ئەوەیە پەیوەندیی تورکیا - سۆڤیەت

گەشەبسەنێت. لە ١٩ی نیسانی ١٩٢٦ باڵەخانەی تازە بۆ باڵیۆزخانەی سۆڤیەت کرایەوە، کە پێشوتر لە لیدوانێکیدا مستەفا کەمال ئاماژەی بە بابەتی باڵیۆزخانە دابوو، لەو مەراسیمەدا ئەتاتورک لەگەڵ سوریتز باڵیۆزی سۆڤیەت سەبارەت بە بارودۆخی بەلقان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەریتانیا و پەیوەندیی تورکیا و سۆڤیەتیان تاوتۆکرد( Benhür, 2008, S: 24: 299)، شایەنی ئاماژەپێکردنە شوکری کایای وەزیری دەرەوە لە دانیشتنی لەگەڵ باڵیۆزی سۆڤیەت ڕایگەیاندبوو کە زەوی تایبەت تەرخانکراوە، باڵەخانەی نوێ بۆ باڵیۆزخانەکان و شوێنی مانەوەی دبلۆماتەکان لە ئەنقەرە دروستدەکرێت لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ تەواو دەبێت، بەڵام وادیارە نەتوانراوە لەو کاتەدا تەواوبکرێت بۆیە لە مانگی نیسان بە فەرمی کراوەتەوە( Документы внешней политики СССР, 1963, Tom8, 60).

لەدوای یەکلاکردنەوەی کێشەی موسڵ و مۆرکردنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٥ تورکی – سۆڤیەتی، بەریتانیا هەوڵی نزیکبوونەوەی لە تورکیا دەدا. بەریتانیا پێی وابوو ئەو کۆمارە تازەیە پێگەیەکی گرنگی هەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. توانی سەرکەوتوو بێت. چارەسەرکردنی ئەو دڵ گرانیەی تورکیا بە مۆرکردنی ڕێککەوتنی سێ قوڵی ١٩٢٦(٩) کۆتایهات، لەوە بەدواوە بەریتانیا هەوڵی هاندانی تورکیای دەدا تاوەکو ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، ئەم هەوڵانەی بەریتانیا یەکێتیی سۆڤیەتی نیگەران کردبوو، بەردەوام هەوڵی ساردکردنەوەی تورکیای دەدا تاوەکو نەبێتە ئەندام. چونکە بە بڕوای ئەو کۆمەڵەی گەلان لەلایەن وڵاتە داگیرکارە گەورەکان هەڵدەسوڕێندرێت. بەریتانیا مەبەستێکی دیکەی هەبوو ئەویش تێکدانی دۆستایەتیی نێوان تورکیا و سۆڤیەت بوو. دەیویست تورکیا ناچار بکات تا لە سۆڤیەت دووربکەوێتەوە کەچی سوودی نەبوو بە پێچەوانەوە لەلایەن هەردوو دەوڵەت تورکیا- سۆڤیەت هەنگاوی تۆکمەتر هاوێژران تا پەیوەندییەکان

پتەوتر بکرێن، لە ١٩٢٦ هەندێک ئاڵوگۆڕ هەبوون، لە ١١ی ئازاری ١٩٢٧ ڕێککەوتنی بازرگانی و گەشتیاری لە ئەنقەرە واژۆکرا، بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتنە قەبارەی بازرگانی نێوان هەردوو دەوڵەت فراوان کرا( 2013: Uçarol،802 ). بەگوێرەی نووسراوێکی فەرمی کە لە ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٧ بە ژمارە ١٥٣٦٧/ ٢٦٨ کە لەلایەن وەزیری دەرەوە تورکیا ناردراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، نووسراوەکە جەخت لە پێکهێنانی دەستەیەک کراوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە ( ABC, 30-18-1-1-25-45-9). پێشووتریش لە ٣١ی مایسی ١٩٢٦ پرۆتۆکۆڵی سۆڤیەتی تورکی واژۆکرا، سەبارەت بە دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو دەوڵەت. لە حوزەیرانی ١٩٢٧ سەبارەت بە بەکارهێنانی ئاوی هاوبەشی سنورەکان و پرۆتۆکۆڵێکیش سەبارەت دروستکردنی بەنداوی سەردار ئاباد لەسەر ڕووباری ئاراس. چاوپێکەوتنی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت تشیشیرین لەگەڵ توفیق ڕوشدی بیگ وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ئۆدیسیا لە تشرینی دووەمی ١٩٢٦ ئەنجامدرا، بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانیان. لەو ڕاگەیێنراوەدا پێوەندگیری بە پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٥یان ڕاگەیاند، ئەم پەیوەندییە باش و بەرەوپێشچوونە بوو بەهۆی دروستکردنی نیگەرانی لایی ڕۆژئاوا (مجموعة من الباحثين السوفيت، ٢٠٠٧، ١٣٩).

به شێوەیەکی گشتی وا دەهاتەپێشچاو کە پەیوەندییەکانی تورکیا-سۆڤیەت پتەو و تۆکمەن، کەچی مۆرکردنی پەیماننامەی ١٩٢٥ نەبووە هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی تورکیا ئازادیی کارکردن بە شیوعی و چەپەکان بدات. بە پێچەوانەوە هەڵمەتی دەستگیرکردن بۆ ئەو کەسانەی گومانیان لەسەر بوو کە لەگەڵ چەپەکان لە پەیوەندیدان دەستپێکرد لەوانە، ئەحمەد یاڵمان سەرۆکی ڕۆژنامەی وەتەن، نازم حیکمەتی شاعیر و چەندان کەسی دیکە و دادگایی کران، لەم بارەیەوە توفیق ڕوشدی وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێت،" حکومەتی ئەنقەرە بە ئاشکرا

دەریدەخات ئەو پەیماننامەی کە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت بەیەکەوە دەمانبەستێتەوە، تەنها لەلایەنی سیاسییە. ئەنقەرە بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکان ڕازی نابێت لەسەر بڵاوبوونەوەی بیری شوعیەت لە وڵاتەکەی. چونکە لە تورکیا شوێن بۆ شوعیەت نییە، بۆیە ئێمە ڕێگر دەبین لە تەشەنەکردنی شوعیەت لەنێو میللەتی تورکی". تورکیا بەردەوام بوو لەسەر ئەم سیاسەتەی لە ساڵی ١٩٢٩، ژمارەیەکی دیکە کە نزیکەی ٢٠ کەس دەبوون بەهۆی چالاکییان لە شارەکانی تەرابزۆن، سامسۆن و ئیزمیر دەستگیرکران(السویدانی، ٢٠١٦، ٢٤)، جگە لەوەش تورکیا کە خۆی بەدۆستێک و دراوسێیەکی هاوپەیمان نیشاندەدا بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، کەچی ماوەماوە پەیڕەوی مافی سەروەری و سەربەخۆیی دەکرد، بەبێ گوێدانە دۆستایەتی لە ١٩٢٩ مافی پەنابەری سیاسی بە ترۆتسکی بەخشی، کە ڕکابەرێکی بەهێزی ستالین بوو (النعيمي،٢٠١١ ، ٣٤)، بەڵام بە پێچەوانەوەی ئەمە ترۆتسکی لە کتێبی (ژیانی من- حياتی)، کە ئاماژە بە ڕاگواستنی خۆی دەکات لە ١٨ی کانونی دووەمی ١٩٢٩ لەلایەن پۆلیسی نهێنی ئاگادارکراوەتەوە بە ماددەی ٥٨/ ١٠ لە یاسایی تاوان پێویستە سۆڤیەت بەجێبهێڵێت و بە تاوانی ئەنجامدانی چالاکی دژی شۆڕش، لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکەش سۆڤیەت خۆی بڕیار دەدات کە پێویستە بچێتە ئەستەمبۆڵ دوای ئەوەی کە ئەڵمانیا ڕەزامەند نابێت لەسەر وەرگرتنی، ترۆتسکی ئاماژە بەوە دەکات کە بەڕەزامەندیی خۆی نەچۆتە تورکیا بۆیە مانەوەی لە تورکیا نەبۆتە هۆکاری نیگەرانی و هەڵویستوەرگرتنی سۆڤیەت (تروتسكی، ٢٠١٩، ٩٦٨، ٩٧٣)..

گومان لەوەدا نییە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەت بەریتانیا بایەخی زۆریان بە تورکیا دەدا و تورکیا لە دوای کێشەی موسڵ بە ڕێککەوتنی سێ قۆڵی لەگەڵ بەریتانیا و عێراق، وازی لە مافی خۆی هێنا لەویلایەتی موسڵ لە بەرانبەر پێدانی نەوت بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ. و لە بەرانبەردا بەریتانیا چاوپۆشی کرد لەڕێگەنەدان بە گەڕانەوەی

ئاشوورییەکان بۆ ناو خاکی تورکیا کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دەرکرابوون، لە ساڵی ١٩٢٩ ئەم پەیوەندییانە بەرەوپێشەوەچوون، کەشتیگەلی بەریتانی سەردانی ئەستەنبۆڵیان کرد بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ دروستکردنی دۆستایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا سۆڤیەت هەر بەردەوام بوو لە دۆستایەتیکردنی تورکیا، بەڵام نەیتوانی وەکو جاران گەرموگوڕ بێت بەرانبەر ئەو سیاسەتە توندەی کە مستەفا کەمال بەرانبەر شیوعیەکان پەیڕەوی دەکرد. گۆڕانکاری لە سیاسەتی تورکیا بەرانبەر ڕۆژئاوا و نزیکبوونەوەی لە بەریتانیا لەسەر حیسابی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت بوو، کەچی بەو ساردییەوەش پەیوەندییەکان نەگەیشتنە بنبەست (لنشوفسکی، ١٩٦٤، ١٧٨).

لە نێوان ساڵانی ١٩٢٩- ١٩٣٢ قەیرانێکی ئابووری ڕووی لە جیهان کرد. ئەم قەیرانە بە چەندین ئاراستە کاریگەریی نەرێنی کردە سەر ئابووری تورکیا. نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کە گەورەترین بواری هەناردەی ئەو وڵاتە بوون، بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە بینی(Wallace, 2014: 92). بۆیە پێویست بوو ڕێکارێکی گونجاو لە سیاسەتی دەرەکی بدۆزێتەوە تاوەکو ئەم دۆخە تێپەڕێنێت. لەم سۆنگەوە هەوڵی ئەوەی دەدا پلانێکی تۆکمە بدۆزێتەوە تاوەکو لەم قۆناغەدا دەربازبێت، دوو نمونەی لەبەردەم بوو کە ئیتالیا و سۆڤیەت بوون، تورکیا بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت نزیکایەتی و لێکتێگەیشتنی زیاتری هەبوو بۆیە پشتی بەست بە وەرگرتنی هاوکاری و شارەزایی لە بواری پلاندانانی ئابووری بۆ دانانی بەرنامەی گەشەپێدان. مۆسکۆ هەرچەندە خۆشی لە قەیراندابوو کەچی قەرزی دارایی پێشکەش بە تورکیا کرد بۆ کڕینی کەرستەی بونیادنانی دامەزراوە پیشەسازییەکانی. بەم شێوەیە تورکیا لەدوای یەکێتیی سۆڤیت هات لە جێبەجێکردنی تیۆری ئابووریی بەرنامەداڕێژراو. بێگومان مۆسکۆ بە گرنگییەوە دەیڕوانییە ئەم هاریکارییانە و بە بەشێک لە پەیوەندی و

ڕێککەوتنەکانی نێوانیان هەژماری دەکرد، کە لەو کاتەدا ئەنقەرە لەگەڵ بایەخی ڕۆژئاواش بە تورکیا کەچی هێشتا پشت بە یەکێتیی سۆڤیەت دەبەست (نعمة، ٢٠١٧، ج١، ١٦٩).

بابەتی ئەندامیەتی تورکیا لە کۆمەڵەی گەلان، گرفتێک بوو یەکێتیی سۆڤیەت زۆر بە بایەخەوە تێیدەڕوانی. هەر زوو خستیە ناو بەرنامەی دانیشتنەکانی لەگەڵ تورکیا. بەگوێرەی بروسکەی سورتیزی باڵیۆزی سۆڤیەت لە تورکیا بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ڕەوانەی کردووە لە ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٢٥، تێیدا ئاماژە بە ڕەشنووسی پەیماننامەی ١٩٢٥ دەکات، کە پاش دیراسەکردنی لەلایەن شوکری کایای وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕەوانەکراوە، لە ماددەی دووەمدا باس لەوە دەکات ئەگەر هاتوو هەریەک لەم دوو دەوڵەتە ویستیان ببنە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، لەوانەیە بەگوێرەی بنەماکانی ئەو کۆمەڵەیە هەندێک ئەرکیان بکەوێتە سەر شان. بۆیە هەردوولا بەڵێن دەدەن کە مافی بەشداریکردنیان لە کۆمەڵەی گەلان بپارێزن، لەگەڵ جێبەجێنەکردنی ئەو ماددانەی کە دەبنە کۆسپ لەبەردەمیان. جگە لەوەش هەریەکەیان بەڵێن بەیەکتری بدەن لەدوای بە ئەندامبوونیان لە کۆمەڵەی گەلان پابەندبن بە پەیمانی لایەنی بەرانبەر (Документы внешней политики СССР, 1963, Том8, 98). عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆکوەزیرانی تورکیا، لە مانگی مایسی ١٩٣٢سەردانی مۆسکۆی کرد. ئەم سەردانە سێ مەبەستی سەرەکی لە دواوەبوو، یەکەمیان، پێداگریکردن بوو لەوەی کە جیاوازیی سیستەمی سیاسی لە هەردوو وڵات نەبێتە ئاریشە بۆ پەیوەندییەکانیان، دووەمیان، تایبەت بوو بە پەیوەندییە ئابوورییەکان، هەرچی سێیەمیان بوو هەوڵدانی ئەنقەرە بوو بۆ قایلکردنی مۆسکۆ سەبارەت بە بابەتی ئەندامیەتی تورکیا لە کۆمەڵەی گەلان. تورکیا دەیویست بە سۆڤیەت ڕابگەیەنێت کە ئەندامیەتی ڕەنگدانەوەی نەرێنی دروست ناکات لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان (Blcıa, 2013: 37)، بێگومان دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی سۆڤیەت

لەخۆڕانەبوو، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە سۆڤیەت بیری لەوە دەکردەوە ئایا ئەندامیەتیی تورکیا کاریگەری بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوانیان دروست ناکات. کەچی ئەمانە نەیانتوانی ببنە ڕێگر لەبەردەم تورکیا، دوای تەواوکردنی ڕێکارەکان و ڕەزامەندنیی سکرتێری گشتی و ڕەزامەندیی ئەندامانی دیکە لە ١٨ی تەموزی ١٩٣٢ تورکیا بووە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان (Yalçın.vd, 2008, C:II, 441).

مەترسییەکانی ئەڵمانیا بە وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئەدۆڵف هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣، کشانەوەی لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، و هەڕەشەکانی ئیتاڵیا کە مۆسۆلۆنیی بەردەوام جەختی دەکردەوە دەریای سپی ناوەڕاست دەریایەکی ئیتالییە، و چاوتێبڕینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەسەڵاتی بەسەر دوورگەی دودیکانیزی ستراتیژی لەنزیک کەناراوەکانی تورکیا، مەترسی بۆ سەر تورکیا دروستکردبوو، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی توشی دڵەڕاوکێ کرد. بۆیە بیریان لەوە دەکردەوە هێڵی بەرگری لە ناوچەی بەلقان قایم بکەن، ئەوەش لە ڕێگای پاکتاوکردنی گرفتەکان بوو لەگەڵ وڵاتانی بەلقان. لە بەرانبەریشدا وڵاتانی بەلقان مەیلیان هەبوو کە هاوپەیمانییەتێک ببەستن، پێشووتر لە ١٩٣٠ دوای ئەوەی ناکۆکی لە نێوانیان چارەسەر کرا، تورکیا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ یۆنان واژۆکردبوو، لە نێوان ساڵانی١٩٣٠- ١٩٣٣ چوار کۆنگرە بە بەشداریکردنی تورکیا، یۆنان، یۆغسلافیا و ڕۆمانیا بەسترابوو، تا لە ٩ی شوباتی ١٩٣٤ گەلاڵەنامەی هاوپمانیەتی بەلقان واژۆکرا. سەبارەت بە چاوتێبڕینی لە زەوییەکانی مەقدۆنیا و ڕۆژئاوای تراقیا، ئەو ترسەی کە تورکیا لە بەرانبەر ئیتاڵیا هەیبوو بەخۆڕایی نەبوو، داگیرکردنی حەبەشە لە ١٩٣٥ مەبەستەکانی ئیتاڵیای خستەڕوو (لنشوفسکی، ١٩٦٤، ١٨١؛ Hale, 2000:54).

توركيا لە ماوەی ١٩٣٠ تا هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان، بەوە دەناسرێتەوە کە حکومەتی توركیا دەسەڵاتی تەواوی لەسەر بارودۆخی ناوخۆی وڵات هەبوو، دەسەڵاتی لایەنە بەرهەڵستکارەکان بە تەواوەتی سنووردار کرابوو، تاکە پارت کە دەسەڵاتی هەبوو پارتی گەلی کۆماری(١٠) بوو بەهۆی سیاسەتی سەرکوتکردنی شوعي و چەپەکان، سۆڤیەت لە توركیا دڵگران بوو (السویدانی، ٢٠١٦، ٢٥). ئەم سەرکوتکردنەی توركیا تەنها بەرانبەر شوعییەکان نەبوو بەڵکو، هەموو ئاراستەیەکی سیاسی دەگرتەوە لە ڕێگای دەرکردنی یاسایەک بە ناوی (یاسایی جێگیرکردن و متبوون)، و دادگای سەربەخۆی حکومەت دەستکرابوو بۆ سەرکوتکردنی هەر نارەزای و هەڵگەڕانەوەیەک. کوردەکانیش بێبەش نەبوون لەم داپڵۆسینە، بە تایبەت لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری توركیا و ڕەتکردنەوەی خەلافەت و پەشیمانبوونەوەی مستەفا کەمال لەو بەڵێنانەی لە ماوەی شەڕی ڕزگاری بە کوردی دابوو. لە مانگی ئازاری ١٩٢٥، ڕاپەڕینی کوردەکان بەسەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران (١١) هەڵگیرسا، ئەم ڕاپەڕینە بەزەبری هێز سەرکوتکرا، و بە تۆمەتی هاوکاریکردنی ڕاپەڕینی شێخ سەعید ژمارەیەک کەسایەتی دەستگیرکرد و لەسێدارەدران. لەهەمان کاتیش بە تۆمەتی هاوکاریکردنی ڕاپەڕینی شێخ سەعید، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی تەرەقی کۆماری (١٢)دەرکرد (دروزە، ١٩٤٦، ٧٤). وەک نارەزاییەک لە بەرانبەر سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شێخ سەعید، ڕاپەرینی ئارارات بە سەرکردایەتیی ئیحسان نوری پاشا لە نێوان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٣٠) هەڵگیرسا، توانرا لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنی ڕاپەڕینەکە دژایەتیکردنی حکومەتی توركیا بەردەوامی پێبدرێت. بەڵام دواتر بەهۆی نابەرانبەریی هێز، هاتنی تیپێک لە هێزەکانی سۆڤیەت بۆ هاوکاریکردنی توركیا ئەم ڕاپەڕینەش دامرکێنرایەوە (پاشا، ١٩٩٥، ٩، ٧٠).

ئەوەی جێگای تێبینی و هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەو گۆڕانکارییە بوو کە ١٩٣٣ لە سیاسەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوویدا لە بەرانبەر یەکێتیی سۆڤیەت. سەردەمانێک ڕازینەبوو دان بە سیستەمی حکومڕانی یەکێتیی سۆڤیەت دابنێت، بەهۆی گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، حەزی پیشەسازە ئەمریکییەکان بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئابووری، ڕای گشتی ئەمریکاش لەگەڵ ئەوەبوون پەیوەندیی دبلۆماسی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت بونیات بنرێت. لەلایەکی دیکە ئەندامیەتیی سۆڤیەت لە کۆمەڵەی گەلان ببوو بە بابەتی ڕۆژ بە دەستپێشخەریی فەڕەنسا (ليلتشوك وألاخرون، ١٩٧٣، ٣١٠). ستالین بە درێژایی ساڵی ١٩٣٤ لە هەوڵی ئەنجامدانی پەیماننامەیەکی خۆپاراستندا بوو، وردەوردە هەڵوێستی دەگۆڕی لە دژایەتیکردنەوە بۆ دۆستایەتیکردنی لایەنگرانی ئاشتەوایی ڤێرسای. ئەمە لە کاتێکدا سۆڤیەت نیگەران بوو لە ئەندامیەتی تورکیا لە کۆمەڵەی گەلان، هەوڵی ڕێگری دەدا. کەچی خۆی بە پێچەوانەی ڕاوبۆچوونەکانی پێشووی سۆڤیەت، کە لینین کۆمەڵەی گەلانی بە ئەشکەوتی دزەکان ناودەبرد. لە ئەیلولی ساڵی ١٩٣٤ کورسییەکی لە کۆمەڵەی گەلان دەستەبەرکرد (دویچەر، ٢٠١٨: ٤٤٧).

لەگەڵ ئەو ساردییەی کە کەوتبووە نێوانیان، یەکێتیی سۆڤیەت لە ١٩٣٤ یارمەتییەکی دارایی پێشکەش بە تورکیا کرد بە گومژەی هەشت ملیۆن دۆلار بۆ تێچووی پیشەسازی بەبێ ئەوەی سووی قەرزی بخاتە سەر. عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆکوەزیران ئەم یارمەتیەي سۆڤیەتی بەرزنرخاند، ڕایگەیاند، "ئەو یارمەتییە فراوانە پیشەسازییانەی سۆڤیەت بۆ وڵاتەکەمان دەبێتە هۆکاری بەرەوپێشچوونی پیشەسازیی نیشتمانی، ئەو یارمەتییانەش دەبێتە هێمای دۆستایەتی لە نێوان هەردوو وڵات" (النعيمي، ٢٠١١، ٣٢) و لەگەڵ ئەوەی سۆڤیەت گلەیی لە سیاسەتی تورکیا هەبوو پێی دڵگران بوو کە تاکڕەوانە حکومڕانی دەکات، کەچی ستالین خودی خۆی لە ١٩٣٦- ١٩٣٨ بەدواوە بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆیی

سیاسەتی پاکتاوکردنی بەرانبەر گشت لایەک لە ناوەوەی وڵات پەیڕەوکرد، ستالین هاوشێوەی ئەتاتورک سەرنجی لە سەر لایەنی ئاینی بوو، لەو پاکتاوکردنە ستالین دژایەتیی ئاینی پەیڕەوکرد بە داخستنی دەرگای کەنیسەکان (کاظم و عبد، ٢٠١٤، العدد١٧، ٢٨٧، ٢٩٠). بەڵام ئەو سیاسەتە توندەی ستالین کاریگەریی باشی لەسەر بەرەوپێشچوونی سیستەمی ئابووری لە سۆڤیەت هەبوو ئەویش بە پەیڕەوکردنی پلانی پێنچ ساڵە (١٩٢٨-١٩٣٣) کە بە ڕووسی بە (پیاتیلیتکە) ناوی دەبەن. ئەو پرۆگرامە لە سەردەمی لینین ڕاگەیەندرا بوو، بەڵام یەکەم هەنگاوی لە ١٩٢٩ چووە بواری جێبەجێکردن. پیشەسازیی سۆڤیەت بەرەوپێشەوەچوو و گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. پرۆگرامەکە چەند بەشێک بوو لە نێوان ساڵانی ١٩٢٩- ١٩٣٣دا کار لەسەر گۆڕینی ئاراستەی ئابووریی سۆڤیەت لە وڵاتێکی کشتوکاڵی بۆ وڵاتێکی پیشەسازی کرا. پرۆژەکە جێبەجێکردنی ئاسان نەبوو، بەڵکو قوربانیی زۆری بۆ درا، بەڵام ئەنجامەکەی سوودبەخش بوو، بە شێوەیەک ڕێژەی بەرهەمهێنانی بەرزکردەوە بۆ ٧٠%، سەرکەوتنی پلانی ئابووریی پێنج ساڵە هانی ستالینی دا بۆ جێبەجێکردنی پلانی پێنج ساڵە بۆ جاری دووەم لە نێوان ساڵانی ١٩٣٣-١٩٣٨ (الاتحاد السوفیتي الیوم وغدا، بدون سنة الطبع، ٣١).

لەلایەکی تر لەسەر ئاستی ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان، ئەوکاتەی ئیتاڵیا بەبێ ڕاگەیاندنی شەڕ، لە ساڵی ١٩٣٥ حەبەشەی داگیرکرد. ئەم داگیرکردنە تەنها گورزێک نەبوو بۆ حەبەشە بەڵکو گورزێک بوو بۆ بەریتانیا و گواستنەوە دەریاییەکانی لە نێوان ئەوروپا – هند و ناوچەکانی دیکەی ئاسیا. بەریتانیا هەرچەندە هەوڵیدا، نەیتوانی ڕێگری لە جووڵە سەربازییەکانی ئیتالیا بکات. ئەڵمانیاش لەلای خۆیەوە بەیەک لایەنە بەرنامەی بۆ پێداچوونەوە بە سنووری وڵاتانی ئەوروپا داڕشت، بە چاوتێبڕین لە خاکی دراوسێکانی لەوانە نەمسا، چیکسلۆفاکیا و پۆلۆنیا. لە هاوینی ساڵی ١٩٣٦ ئەڵمانیا و ئیتاڵیا دەستیان خستە ناو کاروباری

ئیسپانیا (الحزب الشوعي في الأتحاد السوفيتي، ١٩٧٩، ٤٧٣-٤٧٤). بەریتانیا هەتا ئەوکاتەی ئیتاڵیا حەبەشەی داگیرنەکرد، داواکارییەکانی تورکیای سەبارەت بەپیداچوونەوەی کۆنگرەی لۆزان پشتگوێخستبوو، بەڵام کاتێک بینی خەریکە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا مەترسییەکانیان تەشەنە دەکەن، ئینجا یاداشتی تورکیا لە ١١ی نیسانی ١٩٣٥ بۆ گەڕانەوەی سەروەری بۆ سەر گەرووەکان و پاراستنی سەلامەتیی خاکی تورکیا وەڵامدرایەوە و ڕێککەوتنی مۆنترۆی(١٣) بەدواوە هات (الحاج، ١٩٤٧، ٣٨). تورکیا بیری لەوە دەکردەوە پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی کۆنگرەی لۆزان بکرێت، بە تایبەت سەبارەت بە ناوچە داماڵراوەکان لە چەک و مەسەلەی گەرووەکان. چونکە لەگەڵ بارودۆخی ئەوکاتی جیهان نەدەگونجا، بەهۆی تەشەنەکردنی مەترسییەکان لە حەوزی دەریای سپیی ناوەڕاست. لە ئەنجامی ئەو پێشنیازەی تورکیا لە ٢٠ی تەمموزی ١٩٣٦ ڕێککەوتنی مۆنترۆ واژۆکرا. لەلایەن هەمان ئەو وڵاتانەی لۆزانیان مۆرکردبوو جگە لە ئیتاڵیا. دواتر ئیتالیا و یەکێتیی سۆڤیەتیش بەشدارییانکرد، هۆکاری بەشداریکردنی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێک ئامانجی ستراتیژی بۆ دەستەبەردەکرد، وەکو هێزێکی بەتوانای دەریای ڕەش دەرکەوت لە نێوان هێزەکانی دیکە بە تایبەت ئەڵمانیای نازی کە لەوکاتەدا وەکو هێزێکی سەربازی هەڕەشەی ڕاستەوخۆی بۆ سۆڤیەت هەبوو. هەرچەندە سۆڤیەت باوەڕی بەو ڕێککەوتنە هەبوو کەچی ڕۆژنامەگەریی سۆڤیەت پەنجەی تاوانیان بۆ تورکیا درێژدەکرد، کە خۆی ڕادەستی فشاری هێزە داگیرکەرەکان کردووە. تورکیا لەم ڕێککەوتنە توانی ڕەزامەندیی بەشداربووان بەدەستبهێنێت بە هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی گەرووەکان و گەڕاندنەوەی سەروەریی تورکیا بۆ سەریان (خضر، ١٩٨٣، ٢٨)، لە ٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٦ بۆ کۆتا جار ڕێککەوتنەکە، لەلایەن نوێنەرانی بەریتانیا، تورکیا، سۆڤیەت، بولگاریا، یۆنان، ڕۆمانیا، یۆگوسلافیا و فەڕەنسا لە پاریس پەسەندکرا (الزبیدی، ٢٠١٨، ٥٨). یەکێتی سۆڤیەت

هەر لە سەرەتاوە پشتگیر و هاندەری تورکیا بوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەوانەوە بتوانێت بەرژەوەندییەکانی لە گەرووەکان دەستەبەربکات. بۆیە ئەو پێشنیارانەی کە سۆڤیەت سەبارەت بەگەرووەکان خستیە بەردەست زیاتر لە بەرژەوەندیی تورکیا بوو بە بەراوردکردن لەگەڵ پێشنیارەکانی بەریتانیا. ئەنقەرە بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لە پێشنیاری سۆڤیەت کرد. نابێ ئەوەشمان لە بیربچێت کە ئەو هەماهەنگییەی نێوان سۆڤیەت و تورکیا، پاڵنەرێک بوو بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی نوێ سەبارەت بەگەرووەکان بێتە بەرهەم. بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتنەی لە نێوان هەردوولا ئەنجامدرا، سەروەری تورکیا بۆ سەر گەرووەکان گەڕێندرایەوە دوای ئەوەی کە لەلایەن لیژنەیەکی نێودەوڵەتی لەژێر سەرپەرشتیی بەریتانیادا بوو. بەگوێرەی ڕێککەوتنی مۆنترۆ لە کاتی شەڕ و ئاشتی تورکیا مافی ڕێکخستنی کەشتیوانیی هەبوو، بە ڕەچاوکردنی دەوڵەتانی بێلایەن و شەڕکەر و وڵاتانی دەریای ڕەش. نوێنەری سۆڤیەت خۆشحاڵ بوو بەوەی کە پەیوەندییە دۆستایەتییەکانی لەگەڵ تورکیا بە باشی ماوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا سۆڤیەت نەیتوانی ئامانجی سەرەکی بێنێتە دی، کە بریتی بوو لە بێبەشکردنی کەشتیگەلی جەنگی وڵاتانی دەرەوەی سنووری دەریای ڕەش، لە مافی کەشتیوانییان لەو دەریایە. بۆیە سۆڤیەت هەوڵیدا ئەم ئامانجەی خۆی بەتەنیا لە ڕێگای تورکیا بەدەستبهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش مکسیم لتفینوفی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت ئەم پێشنیارەی بە توفیق ڕوشدی بیگی وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕاگەیاند. لە سەرەتا تورکیا ڕەزامەندی نیشاندا، بەڵام دوای ئەوەی کە پرس بە لەندەن کرا، هیچ وەڵامێکی ئەرێنیی سۆڤیەتی نەدایەوە. بەبیانووی ئەوەی کە ئەم کارە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی مۆنترۆیە (نعمة، ٢٠١٧، ج١، ١٧٢-١٧٣).

خاڵێکی دیکە کە ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و بەریتانیای هەبوو، بریتی بوو لە مەسەلەی کێشەی لیوای ئەسکەندەرۆنە(١٤). بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان فەڕەنسا و حکومەتی

ئەنقەرە لە ١٩٢١ ليوای ئەسكەندەرۆنە لە سنووری سوريادا مابوويەوە، تا ئەوكاتەی سوريا لەژێر دەستی فەڕەنسا بوو توركيا هيچ داواكاريەكی نەبوو، بەڵام كاتێك لە ساڵی ١٩٣٦ فەڕەنسا بەهۆی ناكۆكييەكان و مەترسييەكانی ئەڵمانيا و ئيتاڵيا ڕێككەوتنێكی لەگەڵ سوريا واژۆكرد تێيدا بڕياريدا لە داهاتوودا سەربەخۆيی بە سوريا بدات، لەگەڵيشی ليوای ئەسكەندەرۆنە. لەوكاتەدا توركيا هاتەدەنگ تا لە ئەنجام كێشەكە خرايە بەردەم كۆمەڵەی گەلان، كۆمەڵەی گەلان ليژنەيەكی ڕەوانەی ناوچەكە كرد، ليژنەكە ئەوەی خستەڕوو كە توركەكان زۆرينە پێكدەهێنن، لە كاتی پەيدابوونی ناكۆكی نێوان توركيا و فەڕەنسا، بەريتانيا نيگەران بوو لەوەی كە درز لە نێوانيان دروست بێت و ئيتالييەكان ئەم هەلە بقۆزنەوە، بۆيە بەنێوەندگيريكردن توانی هەردوولا بگەيەنێتە ڕێككەوتن و ليوای ئەسكەندەرۆنە كە ناوەكەی دەبێتە ليوای هەتای لە ساڵی ١٩٣٩ دەگەڕێتەوە سەر توركيا (زوچەر، ٢٠٠٩، ٣٢٩).

توركيا بە پاڵپشتی بەريتانيا بەتەنگ ئەوەبوو گشت سنورەكانی لە مەترسيی دەرەكی پارێزراوبن، بۆ ئەم مەبەستە دوای هاوپەيمانيەتی بەلقان بيری لە وەكردەوە لەگەڵ دراوسێكانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتێنەيەك دروست بكات، بەڵام بەهۆی هەبوونی كێشە لەنێوان ئێران و عێراق بابەتەكەی دواخست، بۆ چارەسەركردنی كێشەكە توركيا ڕۆڵی نێوەندگيری گێڕا، بۆ ئەم مەبەستە وەزيری دەرەوەی توركيا توفيق ڕوشدی بيگ سەردانی بەغدای كرد ( ABC, Fon No: 30 1000, kutu No: 200, Dosya No: 363, Sıra No:9). دوای هەوڵ و تەقەلایەكی چەند ساڵە، توانی لەگەڵ عێراق و ئيران و ئەفغانستان لە ٨ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٧، گەلاڵەنامەی سعد ئاباد(١٥) واژۆبكات. بەگوێرەی سەرچاوەيەكی توركی، واژۆكردنی ئەم هاوپەيمانەتييە بۆ توركيا سەركەوتنێكی مەزن بوو. چونكە هەم لەگەڵ وڵاتانی بەلقان و هەميش لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات پەيڕەوكردنی سياسەتی ئاشتی بەهێزتر كرد

(Armaoğlo, 2014: 312). بەندەکانی ئەم گەلاڵەنامەیە زیاتر پەیوەندی بە ئاریشەکانی سنوور هەبوو، بە تایبەت لە نێوان تورکیا، عێراق و ئێران کە هەرسێکیان لە مەسەلەی کورد هاوبەش بوون کە دەیانویست ڕێگە لە چالاکییەکانیان بگرن. بە مانایەکی دیکە تاوەکو هیچ کامێک لە دەوڵەتانی هاوپەیمان نەتوانن یارمەتی چالاکی کوردەکان بدەن دژی یەکتری. لەلایەکی تر ئەم چوار دەوڵەتە دەیانویست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەیەکگرتویی بەرەنگاری مەترسییەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا ببنەوە ( Hale, 2003:55).

دبلۆماسیە بەریتانییەکان بە باشی چاودێری بەستنی گەلاڵەنامەی سعد ئاباد بوون هەوڵی ئەوەیان دەدا ئەم گەلاڵەنامەیە ببێتە ئامرازێک بۆ سیاسەتی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی خواروو و ناوەڕاست، و نوێنەری ئەمریکا لە ئەنقەرە سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیای کرد پیرۆزبایی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای پێ ڕاگەیاند. باسی لەوەکرد کە ئەمریکا لێکۆڵینەوەی تەواوی گەلاڵەنامەکەی کردووە، ئاسودەن لەوەی کە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و وڵاتانی بەشداربوو لەگەڵ بنەماکانی سیاسەتی ئەمریکا یەک دەگرێتەوە (مجموعة من الباحثين السوفيت، ٢٠٠٧، ٢١٩ ). هەرچەندە بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕانەگەیەندرا ئەم هاوپەیمانەتییە دژی یەکێتیی سۆڤیەتە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئەم هاوپەیمانیەتییە لەلایەن بەریتانیا و ئەمریکا بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لێکرا، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە بەرژەوەندیی سۆڤیەتدا نەبوو.

نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە ئەو کات نێوانی تورکیا و سۆڤیەت وەک سەرەتا گەرموگوڕی پێوە نەدەبینرا. لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی نێوانیان بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەر هاتبوو، هەردوو دەوڵەت هەوڵی بەدەستهێنانی هاوپەیمانیی دیکەیان دەدا تاوەکو پێگەیان بەهێز بکەن، لەم سەروبەندەدا سۆڤیەتیش لەلای خۆیەوە هەوڵی پتەوکردنی دۆستایەتی

دەدا، لە ئایاری ١٩٣٥ لەگەڵ فەڕەنسا ڕێککەوتنی یارمەتیدانی یەکتری دژی مەترسییەکانی ئەو کاتی ئەڵمانیا و ئیتالیا واژۆکرد. لە هەمان ساڵدا لەگەڵ چیکسلۆفاکیا ڕیککەوتن، لە ئاداری ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ مەنگۆلیا و دواجاریش لە ئابی ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ چین ڕێککەوتنی دەستدرێژی نەکردنە سەریەکتری واژۆکرد (تاريخ الحزب الشوعي السوفيتي، ١٩٧٩، ٤٧٨).

دەکرێت بڵێن واژۆکردن لەسەر ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی باڵیۆزخانەکان لە شوباتی ١٩٣٨ لە نێوان تورکیا و یەکێتیی سۆڤیەت ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرابوو بۆ ساردیی نێوانیان. بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتنە تورکیا باڵیۆزخانەکانی لە ئۆدیسیا، باکۆ، برفان و لینیکیان داخست. یەکێتیی سۆڤیەت باڵیۆزخانەکانی لە ئزمیر و قارس داخست (مجموعة من الباحثين السوفيت، ٢٠٠٧: ٢٣٠). دوای ئەوەی مستەفا کەمال توانی زۆربەی ئەو بەرنامانەی دایڕشتبوو بە ئەنجام بگەیەنێت، لە ١٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٨، بە نەخۆشی کۆچی دوایکرد. پاش مردنی مستەفا کەمال، عیسمەت ئینۆنۆ لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٨ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانی تورکیا بە دووەم سەرۆک کۆماری تورکیا هەڵبژێردرا (Doğan, 2011,331). لەگەڵ دەستپێکی ماوەی حکومڕانیی عیسمەت ئینۆنۆ تورکیا دووچاری ڕووداوی گەورەبوویەوە کە ئەوانیش جەنگی دووەمی جیهان (١٩٣٩- ١٩٤٥) و ئاسەواری جەنگی دووەم لەسەر سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی تورکیا، لەو بەروارەشەوە ئیتر سەرەتایی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتیی سۆڤیەت بوو.

**ئەنجام.**

١. پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی جیهان، لەیەک گۆشە و بازنەی داخراو ناسوڕێتەوە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە گۆڕانکاری و سیستەمی حکومڕانیی دەوڵەتان، یاخود ڕوونتر بڵێین گرێدراوە بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بە تایبەت بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری. گەلێک جاریش کاریگەریی وڵاتانی خاوەن هێز ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

٢. پەیوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیا بەر لە دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهان خراپ بوو، ڕووسیا هەمیشە لە هەوڵی فراوانکردنی سنوورەکانیدابوو لە سەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی. کاتێکیش جەنگی یەکەمی جیهان هەڵگیرسا لە دوو بەرەی دژ بەیەک بوون. سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دەرکەوتنی بزوتنەوەی کەمالی هاوکێشەکەی لە دژایەتیکردنی یەکترەوە پێچەوانە کردووە بۆ دۆستایەتی. کەمالییەکان لە ڕووسەکان بەولاوە کەسیان شک نەدەبرد یارمەتییان بدات، یارمەتی ڕووسەکان لە قۆناغی ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٣ هۆکارێکی گەورەی سەرکەوتنی کەمالییەکان بوو، ڕووسەکانیش کە خۆیان بە دوژمنی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم دەزانی بزوتنەوەی کەمالییان وەک بزوتنەوەیەکی پێشکەوتووخواز دەبینی و یارمەتییان دا. لەلایەکی ترەوە، ڕووسەکان بە یارمەتیدانی بزوتنەوەی کەمالی دەیانویست فشار لەسەر هاوپەیمانان دروست بکەن، ئەمەش وەک پەرچەکدارێک بەرانبەر یارمەتیدانی هاوپەیمانان بۆ دوژمنەکانی ڕووسیا لە ناوەوەی وڵات، ئەمەش وایکرد بارودۆخی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندیی بزوتنەوەی کەمالی بێت.

٣. دوای سەرکەوتنی کەمالییەکان و ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری لە ساڵی ١٩٢٣ەوە تا ١٩٣٨ بارودۆخەکە گۆڕا، تورکەکان لەم قۆناغەدا

هەرچەندە دۆستی سۆڤیەت بوون، کەچی لەهەمان کاتیشدا کاریان دەکرد لە پێناوی نزیکبوونەوە لە ڕۆژئاوا بە تایبەت بەریتانیا. دەرکەوتنی هەڕەشەکانی نازی و فاشی لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیست تورکیای زیاتر لە ڕۆژئاوا نزیککردەوە، بەریتانیا و فەڕەنسییەکانیش لەو قۆناغە پێویستی زۆریان بە تورکەکان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی پێویست تورکەکان هێشتا پشتیان بە ڕووسەکان دەبەست و بە دۆستایەتیی ڕووس هەڕەشەیان لە بەریتانیا دەکرد، ئەمەش لە ڕێککەوتنی مۆنترۆی ساڵی ١٩٣٦ ڕەنگیدایەوە. بەڵام لە چەند ساڵێکی کەمی پێش جەنگی دووەمی جیهانی، بە هاوکاریکردنی بەریتانیا بۆ گەڕانەوەی سەروەریی تورکیا بۆ سەر گەرووەکان و بە کارئاسانیکردنی فەڕەنسییەکان بۆ گەڕانەوەی لیوای ئەسکەندەرۆنە بۆ سەر تورکیا، تورکەکان بە تەواوی لە ڕۆژئاوا نزیکبوونەوە لە سۆڤیەت دوورکەوتنەوە.

٤. لە کۆتاییدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە بزوتنەوەی کەمالی لە قۆناغە سەختەکاندا بە یارمەتیی ڕووسەکان لەسەر پێی خۆی وەستا و سەرکەوتوو بوو، بەڵام دواتر تورکەکان پشتیان لە ڕووسەکان کرد و بوونە دۆستی خۆرئاوا.

## پەراوێزەکان

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە کێشەی گەرووەکان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیا بڕوانە: لويس الحاج، مشكلة المضايق والعلاقات الروسية- التركية، دار المكشوف، بيروت، ١٩٤٧.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە شەڕی بەلقانی یەکەم بڕوانە: يوسف البستاني, ٢٠١٤, تاريخ حرب البلقان الاولى بين الدولة العلية والاتحاد البلقاني, مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة, جمهورية مصر العربية.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە بەلشەفیکەکان بڕوانە: تاريخ الحزب الشوعي في الأتحاد السوفياتي (حزب البلشفيک)، ١٩٧٩، موجز وضعته هيئة من اللجنة المركزية للحزب الشوعي في الأتحاد السوفياتي، صادق عليه اللجنة المركزية للحزب الشيوعي في الأتحاد السوفياتي في عام ١٩٣٨، دار الشرق الجديد للطباعة والنشر، بيروت.

(٤) لیۆن ترۆتسکی(١٨٧٩-١٩٤٠): ناوی ڕاستەقینەی لیف دافیدوفیش برونشتاین(Lev Davidovich Bronstein)، باوکی جوتیارێکی جوولەکە بوو، لەهەرەتی لاویدا تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە، ناوبراو وتاربێژێکی بە توانا و نوسەرێکی چالاک بووە، دووجار دەستگیرکراوە، دوورخرایەوە بۆ سیبیریا، هەرچەندە لەسەرەتا لەگەڵ لینین بەیەکەوە کاریان کردووە بەتایبەت لە بواری ڕۆژنامەگەری، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٠٥ ناکۆکی کەوتە نێوانیان، جارێکی دیکە لە دوای شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ گەڕایەوە لای بەلشەفیکەکان، لەدوای مردنی لینین ڕکابەرێکی بەهێزی ستالین بوو بۆیە کاتێک ستالین توانی سەرکەوێت، تروتسکی دوورخرایوە بۆ دەرەوە، لە مانگی ئابی ١٩٤٠ لەلایەن پیاوانی ستالین لە ئەمریکای لاتین تیرۆرکرا(بنيويک؛ جرين، ٢٠١٠ ، ٤٨٤)، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ژیان و خەباتی تروتسکی بڕوانە: ليون تروتسكي، ٢٠١٩، حياتي سيرة ذاتية، ترجمة: أشرف عمر، الروافد للنشر والتوزيع، القاهرة.

(٥) بۆ زانیاری سەبارەت بە گەلاڵەنامەی نیشتمانی بڕوانە:

UÇAROL.R, 2013, Siyasi Tarihi(1879- 2012), 9.Basım, Der Yay. İstanbul

(٦) بۆ زانیاری لەبارەی پەیمانی سیڤەر بڕوانە: (Eyicil, 2005, 282).

(٧) بۆزانیاری زیاتر سەبارەت بە کێشەی موسڵ بڕوانە: د.فاضل حسین، ١٩٧٧، مشكلة الموصل في الدبلوماسية العراقية- الانگليزية- التركية في الراى العام، الطبعة الثالثة، مطبعة اشبيلية، بغداد.

(٨) پەیمانی لۆکاڕنۆ: بەریتانیا ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە نزیک کردنەوەی ئەڵمانیا و فەڕەنسا لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٥ پەیمانی لۆکارنۆ لەنێوان ئەڵمانیا، فەڕەنسا، بەریتانیا و ئیتالیا مۆرکرا، بەگوێرەی ئەم پەیمانە دڵنیایی درا لەسنوری ئەڵمانیا لەگەڵ فەڕەنساو بەلجیکا، و بەڵێندانی بەریتانیاو ئیتالیا بۆ دەستەبەرکردنی ئەم سنورانە وە چەندان خاڵی دیکە کە دواتر دڵنیایی بەئەڵمانیا درا، و لەساڵی ١٩٢٦ بووە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان(صبح، ٢٠٠٣، ٦٣).

(٩) دوای یەکلایکردنەوەی کێشەی موسڵ بەبڕیاری کۆمەڵەی گەلان نارەزایی توندی تورکیای لێکەوتەوە، بۆیە بەریتانیا هەوڵی زۆری خستەگەڕ بۆ کۆتایهێنان بەگرژیەکان تا لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦ هەوڵەکان بەئەنجام گەیشتن، پەیماننامەیەکی سێ قۆڵی لە نێوان تورکیا- بەریتانیا- عێراق واژۆکرا، ئەم پەیمانە لە ٣ مادەی سەرەکی پێکهاتبوو بەگوێرەی ماددەی یەکەم سنوری نێوان عێراق و تورکیا هێڵی بۆ کیشرا کە بەهێڵی برۆکسل ناسرا، تورکیا بەوەڕازیکرا کە بۆماوەی ٢٥ ساڵ پشکی ١٠%ی دەرهێنانی نەوتی پێدرا کە کۆمپانیای(Turkish petroleum Company Lpt.) مافی دەرهێنانی نەوتەکەی وەرگرتبوو. (الحسني، ١٩٨٨، ج٢: ٦٦- ٧٩؛ BAD, Fon No: 30 10 0 0 0-kutu No: 258-(Dosya No: 740-Sıra No:2; Fon No: 30 1000, Kutu No: 230, Dosya No: 548, Sıra No: 5.

(١٠)پارتی گەلی کۆماری: ئەم پارتە لەسەرەتا زومرەی گەل( Halı k Fı rkası)(هەندێک لە سەرچاوەکان بەپارتی گەل ناوی دەبەن). لە ١٩٢٣ لەلایەن مستەفا کەمال و هاوەڵەکانی ڕاگەیەندرا، مستەفا کەمال سەرۆک، عیسمەت پاشا جێگری سەرۆک بوو، ڕەجەب بەیی بەسکرتێری گشتی دەست نیشانکرا، لە ١٩٢٤ لەپاش ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری گۆڕانکاری بەسەر داهات، وشەی کۆماری بۆ زیادکرا، لە مایسی ١٩٣٥ ناوەکەی بوو بە پارتی گەلی کۆماری، ئەم پارتە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری تاوەکو دوای جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٤٦ تاکە پارت بوو لە مەیدانی سیاسی لە تورکیا دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە(Yücel, 2006: 25).

(١١)بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران بڕوانە: ڕۆبرت ئۆلسن، ١٩٩٩، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران(کوردستان ١٨٨٠-١٩٢٥)، وەرگێڕان: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی. لەناونیشانی ئینگلیزیەکەی بە (Rebellion) هاتووە واتە هەڵگەڕانەوە.

(١٢)پارتی تەرەقی کۆماری: (Terekiperver Cumhuriyet Fırkası)، لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ دامەزرا ، کازم قەرەبەکر پاشا سەرۆک، علی فؤاد بەیی سکرتێری گشتی پارتەکە بوون، لە حوزەیرانی ١٩٢٥ لەلایەن حکومەتی تورکیا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی درا(Yücel, 2006: 26).

(١٣)ڕێککەوتنی مۆنترۆ: لە ٢٠ی تەمموزی ١٩٣٦ لە شاری مۆنترۆی سویسرا مۆرکرا، لەلایەن نوێنەرانی بەریتانیا، فەرەنسا، نەمسا، هندستان، یابان، نەمسا، بولگاریا، یوغسلافیا، یۆنان و تورکیا، دواتر ئیتالیا و یەکێتی سۆڤیەتیش بەشداریان کرد. توفیق ڕوشدی بیگ نوێنەرایەتی تورکیای دەکرد. بەئامادەبوونی نوێنەری گۆمەڵەی گەلان. ئەم ڕێککەوتنە بۆ تورکیا گرنگ و بایەخی زۆری هەبوو، چونکە توانی ڕەزامەندی بەشداربووان بەدەست بهێنێت بە گەڕانەوەی مافی سەروەری تورکیا بۆ بەڕێوەبردنی گەرووەکان. دوای ئەوەی لە پەیمانی لۆزان ئەو مافەی لێسەندرابوو. بابەتەکانی ڕێککەوتنی مۆنترۆ لە دوو بەش پێکهاتبوو، بەشێکیان تایبەت بوو بە کەشتی بازرگانی و بەشەکەی دیکەش تایبەت کرابوو بە کەشتی جەنگی(نورالدین، ٢٠٢٠: ٩٥).

(١٤)كێشەی لیوای ئەسکەندەرۆنە: لەدوای مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس لەساڵی ١٩١٨ بەریتانیا ئەم ناوچایەی داگیرکرد، دواتر بەگوێرەی ڕێککەوتنی لەگەڵ فەڕەنسا وازی لێهێنا. فەڕەنسا لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ سەنجەقی ئەسکەندەرۆنەی دروستکرد. بەگوێرەی کۆنگرەی سان ڕیمۆی ساڵی ١٩٢٠ ئینتدابی فەڕەنسی بەسەر سوریا سەپێنرا. لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١ فەڕەنسا لەگەڵ ئەنقەرە ڕێککەوتنێکی واژووکرد سنوری نێوان سوریا و تورکیا دیاریکرا، بەڵام بەگوێرەی ماددەی حەوتەم کارگێری تایبەت بۆ لیوای ئەسکەندەرۆنە دانرا. لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی ڕۆشنبیری دانیشتوانی تورک لەو شوێنە، زمانی تورکی بەفەرمی بەکاردەهات. لەماددەی دووەمی پەیمانی لۆزان ١٩٢٣، کە سنوری سوریا دیاریکرا، لیوای ئەسکەندەرۆنە لە دەرەوەی سنوری تورکیا مایەوە. لەساڵی ١٩٢٦ فەڕەنسا و تورکیا لە دانوستاندن دابوون بۆن بۆ کێشانی کۆتایی سنوری نێوان سوریاو تورکیا. لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢٩ فەڕەنسا دەستی لەچەند ڕووبەرێکی لیواکە هەڵگرت بۆ تورکیا. کێشەی ئەم لیوایە بەچارەسەرنەکراوی مایەوە، بۆیە لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٣٦ کێشەکە خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. لیژنەیەک دروستکرا بۆ بەدواداچوونی کێشەکە نوێنەری تورکیا لەم دانیشتنە پێداگری دەکرد کە لیواکە بەهیچ شێوەیەک نابێت بخرێتە سەر سوریا. لە ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٣٧ لیژنەکە پێشنیارەی کرد کە لیواکە لە کاروباری ناوخۆ سەربەخۆ بمێنێتەوە، دەستورو سوپای تایبەت بەخۆی بۆ دابنرێت. بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکیا دەستیان دەخستە ناو کاروباری لیواکە و هانی تورکەکانیان دەدا پشێوی دروست بکەن تا لە کۆتایدا توانیان لە حوزەیرانی ١٩٣٩، لەگەڵ فەڕەنسا ڕێککەوت، فەڕەنسا دەستی لە لیواکە هەڵبگرێت بۆ تورکیا(نورالدین، ٢٠٢٠: ١٠٩– ١١٥).

(١٥) سەعد ئاباد: ڕێککەوتنی دەست درێژی نەکردنە سەر یەکتری لە ٨ی تەمموزی ١٩٣٧ لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و ئەفغانستان لە کۆشکی سەعد ئاباد لە تەهرانی پایتەختی ئێران مۆرکرا. ئەم هاوپەیمانەتیە لە ١٠ ماددە پێکدەهات. ماددەی یەکەم تایبەت بوو بە دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆی یەکتری. ماددەی دووەم نەبەزاندی سنور. ماددەی

سێیەم، هاوکاری و هەماهەنگی لە بابەتە نێودەوڵەتیەکان. ماددەی چوارەم، خۆپاراستن لە چوونە ناو شەڕ...وهتد، ماوەی ئەم هاوپەیمانەتیە پێنچ ساڵ بوو. ئەگەر هیچ لایەک نارەزای نەبوو بۆ ماوەی پێنچ ساڵی دیکە نوێی دەکرێتەوە(نورالدین، ٢٠٢٠: ٩٨).

## لیستی سەرچاوەکان

### بەڵگە بڵاونەکراوەکان:


- Başbakanlık Cumhuriyet Arşivi (BCA)
- ABC، 30-18-1-1-25-45-9; Fon No، 30 10 0 0 0- kutu No، 200- Dosya No، 363- Sıra No،9; Fon No، 30 100- kutu No، 230- Dosya No، 584- Sıra No،5; Fon No، 30 10 00- kutu No، 258- Dosya No، 740- Sıra No،2 .
- Başbakanlık Osmanlı Arşivi (BAO)
- HR.IM 00100.00027 ،00134.00058;


### بەڵگە بڵاوکراوەکان:


- Başbakanlık Devlet Arşivleri Genel Müdürlüğü(BDA)، 2006، Osmanlı Belgelerinde Ermeni- Rus İlişkileri(1907- 1921)، C.III، Ankara.
- Документы внешней политики СССР ، Министерство иностранных дел СССР ، 1963، Том 8 ، Издательство политической литературы ، Москва ،.

**کتێبە کوردییەکان:**


- ئەحمەد، سامان حسین، ٢٠١٢، زلهێزەکان لەجەنگی یەکەمی جیهانەوە تاکۆتایی جەنگی سارد(١٩١٤- ١٩٩١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

- ئۆلسن، ڕۆبرت، ١٩٩٩، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران(کوردستان ١٨٨٠- ١٩٢٥)، وەرگێڕان، ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

- پاشا، ئیحسان نوری، ١٩٩٥، ڕاپەڕینی ئاگری، وەرگێرانی ئەرسەلان بایز، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- دان، جیمز جۆن ئێم، بێ ساڵی چاپ، شۆڕشی ڕووسیا، و، هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- دویچەر، ئیسحاق، ٢٠١٨، ستالین سەربووردەی سیاسی، وەرگێرانی، خالید هەرکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- زوجەر، ئێریک جەی، ٢٠٠٩، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، وەرگێرانی، یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی.

- فیشەر، ه.ا.ل، ٢٠١٥، مێژووی نوێی ئەوروپا لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسیەوە تا ساڵی ١٩٥٠، و، شوکر سلێمان و سەروین ئەرجان، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- مورهید، ئالان، ٢٠١٨، مێژووی شۆڕشی ڕووسیا ١٩١٧، و، موکەڕەم ڕشید تاڵەبانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**کتێبە عەرەبیەکان:**

- احمد، ابراهیم خلیل و مراد، خلیل علی، ١٩٩٢، ایران و ترکیا دراسة فی التاریخ الحدیث و المعاصر، دار الکتب للطباعة و النشر، الموصل.

- الاتحاد السوفیتی الیوم و غدا دلیل مصور،بدون سنة الطبع، موسکو.

- أوزتونا، يلماز،١٩٩٠ ، تاريخ الدولة العثمانية، المجلد الثاني، ترجمة، عدنان محمود سلمان، شركة الهلال، استنبول.

- البديري، خضير، ٢٠١٥، التاريخ المعاصر لايران و تركيا، الطبعة الثانية، العارف للمطبوعات، بيروت.

- البستاني, يوسف, ٢٠١٤, تاريخ حرب البلقان الاولى بين الدولة العلية والاتحاد البلقاني, مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة, جمهورية مصر العربية.

- برون، جيفرى، ٢٠٠٦، تاريخ أوروبا الحديث، ترجمة، على المزروقي، الاهلية للنشر والتوزيع، الاردن.

- بنيويک، ڕوبرت؛ جرين، فيليب، ٢٠١٠، موسوع المفكرين السياسى في القرن العشرين، العدد، ١٩٨٤، ترجمة، مصطفى محمود، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

- تاريخ الحزب الشوعي في الأتحاد السوفياتي (حزب البلشفيک)، ١٩٧٩، موجز وضعته هيئة من اللجنة المركزية للحزب الشوعي في الأتحاد السوفياتي، صادق عليه اللجنة المركزية للحزب الشيوعي في الأتحاد السوفياتي في عام ١٩٣٨، دار الشرق الجديد للطباعة والنشر، بيروت.

- جارودي، ڕوجية، ١٩٩٨، موجز تاريخ الاتحاد السوفيتي، ترجمة، نورا أمين، افاق للترجمة، پاريس.

- الحاج، لويس، ١٩٤٧، مشكلة المضايق والعلاقات الروسية-التركية، دار المكشوف، بيروت.

- الحسني، عبدالرزاق، ١٩٨٨، تاريخ الوزرات العراقية، ج،٢، الطبعة السابعة، بغداد.

- حسين، فاضل و نعمة، كاظم هاشم، ١٩٨٢، التاريخ الاوربي الحديث١٨١٥- ١٩٣٩، الطبعة الاولى، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، العراق.

- خضر، عدل محمد، ١٩٨٣، الممرات التركية وتأثيرها في العلاقات التركية السوفيتية، بغداد.
- دروزه، محمد عزة، ١٩٤٦، تركيا الحديثة، مطبعة الكشاف، بيروت.
- الزبيدي، كريم مطر حمزة، ٢٠١٨، موجز تاريخ تركيا الحديث، الطبعة الأولى، دار الرياحين، بابل- العراق.
- زيدان، ناصر، ٢٠١٣، دور ڕوسيا في الشرق الاوسط و شمال أفريقيا من بطرس الأكبر حتى فلاديميربوتين، الطبعة الأولى، دار العربية للعلوم ناشرون، لبنان.
- سعيد، عبدالغني، ١٩٥٨، الاتحاد السوڤيتي كما ڕأيته، الطبعة الأولى، دار الفكر، القاهره.
- السويدانى، حامد محمد طه، ٢٠١٦، تركيا بين اليسار العلماني والاسلام السياسي(دراسة تحليلية)، الطبعة الاولى، دار المعتز، الاردن- عمان.
- صبح، على، ٢٠٠٣، السياسات الدولية بين الحربين العالميتين ١٩١٤- ١٩٣٩، الطبعة الاولى، دار المنهل، لبنان.
- عبدالله، أيناس سعدى، ٢٠١٥، ڕوسيا ١٨٩٤- ١٩٠٥، الطبعة الأولى، اشوربانيبال للكتاب، العراق.

- عبدالله، أيناس سعدى، ٢٠١٩، من الاقيصرية الى الاشتراكية تاريخ ڕوسيا الحديث ١٨٩٤- ١٩١٧، الطبعة الاولى، اشوربانيبال للكتاب، العراق.
- القوزي، محمد على، ٢٠٠٢، العلاقات الدولية في التاريخ الحديث و المعاصر، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان
- لنشوفسكى، جورج، ١٩٦٤، الشرق الاوسط في الشؤن العالمية، ترجمة: جعفر خياط، مكتبة دار المتنبي، بغداد.
- ليلتشوک وألاخرون، ١٩٧٣، موجز تاريخ المجتمع السوفيتى، دار التقدم، موسكو.
- مجموعة من الباحثين السوفيت، ٢٠٠٧، تاريخ تركيا المعاصر، ترجمة، هاشم صالح التكريتي، مؤسسةحمدى للطباعة والنشر، سليمانية.
- محمد، فاضل زكي، بدون سنة الطبع، السياسة الخارجية وابعادها في السياسة الدولية، مطبعة شفيق، بغداد.
- مسعود، عبدالله الطاهر، ٢٠٠١، الأسس الأيدولوجية لبناء الاتحاد السوفيتي السابق و عوامل انهياره دراسة مقارنة في فلسفة السياسة، الطبعة الأولى، منشورات جامعة قازيونسن، بنغازى.
- نعمة، كاظم هاشم، ٢٠١٧، تركيا القوة الوسطى من أتاتورک الى اردوغان، الجزء ألاول، دار أمنة للنشر والتوزيع، الاردن.

- النعيمي، أحمد نوري، ٢٠١١، العلاقات التركية الروسية في الصراع والتعاون، الطبعة الأولى، دار زهران للنشر والتوزيع، الأردن.
- نورالدين، محمد، ٢٠٢٠، مئة عام من تاريخ تركيا الحديث سيرة السياسية واجتماعية (١٩٢٠- ٢٠٢٠)، ط: الاولى، شركة المطبوعات، بيروت- لبنان.

**کتێبە فارسییەکان:**

- شاهنده، عباس، ١٣٣٤، همسايه ما تركيه، انتشارات ڕوزنامه سياسی فرمان، تهران.
- لاموش، ١٣١٦، تاريخ تركيه، ترجمه، سعيد نفيسي، انتشارات چاپخانه مجلس، تهران.
- منيعی، حسن، ١٣٤٤، سياست دولت ڕوسيه در خاورميانه ١٧٠٠- ١٩٦٥، انتشارات چاپخانه ارتش، تهران.

**کتێبە تورکییەکان:**

- ARMAOĞLU، F.، 2014. 20.Yüzyıl Siyasi Tarihi (1914-1995)، 19 Baskı، Timaş Yay.، Ankara.
- DOĞAN، O.، 2011. Atatürk Ilkeleri ve İnkılap Tarihi، Oktuman Yay.، Ankara.

- EYİCİL، Ahmet، 2005. Siyasi Tarihi (1789-1939)، Gün Yay.، Ankara
- ÜNAL، Tahsin، 1978. Türkiye Siyasi Tarihi (1700-1958)، 5.Baskı، Emel Yay.، Ankara.
- UÇAROL، R.، 2013. Siyasi Tarihi (1879- 2012)، 9.Basım، Der Yay.، İstanbul.
- YALÇIN، D.، vd.، 2008. Türkiye Cumhüriyet Tarihi، C.I، Atatürk Araştırma Merkezi، 6.Baskı، Ankara.
- YALÇIN، D.، vd.، 2008. Türkiye Cumhüriyet Tarihi، C.II، Atatürk Araştırma Merkezi، 6.Baskı، Ankara.
- GÜRÜN، Kamuran، 1991، Türk- Sovyet İlişkileri، Türk Tarih Kurumu Basımevi، Ankara.
- PERİNÇEK، Mehmet، 2016، Türk- Rus Diplomasisinden Gizli Sayfalar Siyaset- Askeriye- Ekonomi- Kültür- Bilim-Spor، 3Basım، Kaynak Yayınları، İstanbul.
- LEWİS، Bernard، 1993. Modern Türkiye'nin Doğuşu، Ç، Metin Kıratlı، 5.Baskı، TTK، Ankara.
- KOÇAK، C.، 2000. Siyasi Tarihi(1923- 1950) Çağdaş Türkiye (1908- 1980)، C.4، 6.Basım، Cam Yay. İstanbul، ss.127- 211.

- TANSEL، S.، 1991، Mondros'ta Mudanya'ya Kadar III، İstanbul.
- YÜCEL، M. Serhan، 2006، Türkiye'nin Siyasal Partileri (1859- 2005)، Alfa Yay.، 1.Basım، İstanbul.
- BALCI، Ali.، 2013. Türkiye Dış Politikası İlkeler، Aktörler، Uygulamalar، Etkileşim Yay.، İstanbul.
- HALE، William، 2003. Türk Dış Politikası 1774-2000، Çev.P.، Demir، Mart Matbaası، İstanbul
- SANDER، Oral، Tarihsiz، Siyasi Tarihi (1918- 1990)، İmge Kitabevi، 3.Baskı،Türkye.
- GÜRÜN، Kamuran، 1999، 17aralık 1925 Türk- Rus anlaşması، Türk- Rus İlişkilerinde 500 yıl 1491-1992، Türk Tarih Kurumu، Ankara.
- MANSFIELD، P.، 1995. Osmanlı Devleti ve Onun Mirascılarıı، Çev.،A.، Eyicil، 1.Baskı، Gün yay. Ankara، 150s.

**نامەی ماستەر و دکتۆرا:**

- Wallace، Claay E.G.، 2014 ، Soviet Economic and Technical Cooperation with Developing Countries، the Turkish Case، Thesis submitted for the degree of PHD. London School of Economics.

- Ulgul، mural، 2010، The Soviet Influenceon Turkish Foreign Policy(1945- 1960)، Thesis submitted to the Interdisciplinary Program in Russian and East European Studies ın partial fulfillment of the requirements for the degree of Master of Arts، The Floreda State Universty.
- ÇOLAK، Ozlem، 2010، Lenin Döneminde Türk-Rus İlişkileri (1917-1923)،Yükseklisans Tezi،Süleyman Demirel Üniversitesi، Sosyal Bilimler Enistütüsi، Tarih Anabilim Dalı، İstanbül.

**گۆڤارەکان:**

**أ/ گۆڤارە عەرەبیەکان**

- الطائي، جمعة عبدالحسن، ٢٠١٧، العلاقات العثمانية- الروسية ١٦٦٧- ١٩٢٣، مجلة كلية التربية الجامعة المستنصرية، العدد الثانى.
- كاظم، قحطان حميد؛ عبد، أحمد محمد جاسم، ٢٠١٤، التطورات الداخلية في الاتحاد السوفيتي ١٩١٨- ١٩٣٩، مجلة كلية التربية الاساسية، جامعة بابل، العدد، ١٧

- ب/گۆڤارە تورکیەکان

- KÜÇÜK، Enver; BEKAR، Nurgül، 2019، Türk Diplomatların Bakış Açısıyla(1917-1925)، Ankara Üniversitesi، SBF Derdisi، Cilt 74، No. 1، s163- 192.

- ZENBİLCİ، İlkgül Kaya، 2014، Ankaradaki Sovyet Rusya Elçilik Binaları، Akademik Sosyal Araştırmalar Dergisi، yıl،2، Sayı، 7، s110- 127.
- DOĞANAY، Rahmi، 2009، Mili Mücadele Döneminde Türkiye Sovyet Rusya ve İtilaf Devletlerinin Kafkas Politiksları، Fırat Üniversitesi، Sosyal Bilimler Dergisi، Cilt، 19، Sayı، 2، s 279- 298.
- ULUĞ، Naşit،1970، Sakarya Zaferi Yeni Türk Devletinin Kuruluşuna etkisi، Türk Tarih Dergisi Dün- Bugün- Yarın، Sayı، 36، s28- 32
- DURAN، Tülay، 1970، Bolşeviklerin Osmanlı Devleti ile Yaptıkları ilk Anlaşma، Türk Tarih Dergisi Dün- Bugün- Yarın، Sayı، 37، s16- 20.
- BENHÜR، Çağatay، 2008، 1920 li Yıllarda Türk-Sovyet İlişkileri، Kronolojik Bir Çalışma، Selçuk Ün.versitesi Türkiye Araştırmaları Dergisi، Sayı، 24،Ss،277-313

**الخلاصة**


الدولة العثمانية-روسيا القيصرية كانتا دولتين متجاورتين في الحدود، ولأسباب متعددة كانت العلاقة بينهما قبل الحرب العالمية الاولى لم تكن علاقة جيدة، بالرغم من ان السنوات ما بين (١٩١٧-١٩٢٣) بلأخص بعد ظهور الحركة الكمالية، كانت العلاقات في اعلى مراحلها و كان للدولتين الداعم الاكبر لحركتهم، الى ان حصلت تركيا على استقلالها و أسست جمهورية جديدة و باعتراف دولي في عام ١٩٢٣، و في عام ١٩٢٥ وقعت اتفاقية مهمة بين الدولتين و كانت لهذه الاتفاقية صدى دولية، لكن هذا ليس بالمعنى ان العلاقة الودية بين تركيا و السوفيت لم تتجرد من المشاكل أو جود ثقة تامة بينهما، و خاصة تركيا كانت تحاول دائما تعزيز قوتها و الحصول على دعم الغرب في جمهوريتهما الجديدة. و بعد سنوات ١٩٣٠ كانت العلاقة بينهما الى حد ما تتسم بالبرودة، بظهور التهديد النازي و الفاشي في اواسط الثلاثينات من القرن العشرين، وبهذا اقترب الاتراك من الغرب و أداروا ظهورهم لروسيا.



كلمات المفاتيح: العثمانية، تركيا، السوفيات، بريطانيا، العلاقة

**Abstract**

The ottoman – Czaric Russia were neighborhood countries before world war two the relationship between them were not good due to different factors. Although between 1917- 1923 especially after the emergence of Kamali movement، the relationships were good. The Russians support the kamali movement until turkey become an independent country، a new republic has been established via international confession in 1923. An important agreement has been signed in 1925 between both countries، this agreement has received a lot of reaction around the world but this does not mean that Turkey and Soviet are close friends without problems and trust each other.  Especially Turkey always tried to be strong and appear like one of the western countries. After 1930 the relationship between Turkey and Soviet become weak due to the threat of Nazi and Fascist in the middle of thirtieth of twenty century، that was the reason the Turkish strength their relationship with west and turn their back to Russia.

Keywords: Turkey, soviet, Russia Britons, relationship ,Ottoman